کورتە باسێك دەربارەی ژیانی

# شێخی مەزن

«فەخری» شێخ ئەحمەدی شۆڕیجە

١٩١٤- ١٩٧٩


نووسینی

**عبدالكريم بەرزنجی**

# شێخی مەزن



بەهەشتی شێخ ئەحمەدی شۆرجە ( فەخری )

نووسینی
**عبدالكريم بەرزنجی**

# پـێشـەكی

بۆ ئەوەی یادیان لە ناخماندا بمێنێتەوە ، بۆ ئەوەی جوامێریان بەرز بنرخێنین ، بۆ وەفاداری بە خەبات و نیشتمانپەروەریان بۆئەوەی رەوانـی پاكیان لە فەزای ئازادیدا هەمیـشـە بەرزەفڕ چەتـری سـەرمان بن .

بۆهەموو خەسـڵەتە جوانەكانی جوامێری ، كە لە پیاوانی ناوداری كوردەواریدا هەبوون ، دەبێ بدوێین و بڵێین :

ئەو شـێرە پیاوانە سەنگی مەحەك بوون لە ڕاگرتنی لەنگەری سەروەری نەتەوەی كورددا.

ئەو نەتەوەیەی كە لە چوارچێوەی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ، و كولتووری بێخەوشیدا..! سـەروەری نێو هەموو نەتەوەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەكانی دەوروبەریەتی .

چونكە تاكە نەتەوەی نێو نەتەوەكانی دونیایە كە هەموو مافەكانی لێ زەوتكراوە ، بێ ئەوەی مافی هیچ نەتەوەیەكی دیكەی داگیركردبێت .

هەموو خەڵكانی جیهانیش دەزانن كە هەزاران ساڵە ، گەلانی وەك كلـدۆئاشوور ، و توركمان ، و تەنانەت عەرەبیـش ، لە نـێو خاكی كوردسانی داگیركراودا ، مووبەموو پێكەوە لەگەڵ گەلی كوردی ستەمدیدەدا ژیاون و دەژین ، بێ ئەوەی كورد بەهیچ شێوەیەك مافی نەتەوەیەكیانی پێشێل كردبێت .

بەڵێ ئێمەی كورد سەروەری ئاشتیخوازی و دیموكراسین لە سەراپای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوروبەریدا.
گەر بێتو ڕاپرسییەكی نێونەتەوەیی بكرێت لەبارەی ڕۆڵی میللەتانەوە لە جیهاندا ، بێگومان میللەتی كورد هەڵبژاردەی دەرئەنجامی ئەو ڕاپرسییە دەبێت.
كورد هیچ كاتێك نەیانویستووە پەنا بەرنەبەر زەبروزەنگ بۆ بەدەسهێنانی مافە ڕەواكانیان .
ئەو خەسڵەتانەیش دەگەڕێتەوە بۆ وشیاری كەسایەتییە ناودارەكان و گەورەپیاوان كورد لە درێژەی مێژوودا.
مەبەست لە باسكردنی ناودارانی كورد لێرەدا ، ئاشناكردنی نەوەی نوێمانە بە ڕابردووی پڕسەروەری گەلەكەمان .
چونكە ڕابردووی پاك و بێخەوشی ئەوان ، نەتەوەكەمانی لە فەوتان و لەناوچوون پاراستووە. ئەوان سەرقافڵەی گیانبازانی ڕێگەی خەباتی بێ وچانی كوردایەتی بوون لە هەموو بزوتنەوە و شۆڕش و وەرچەرخانێكی مێژوویی ناوچەكەدا.
بۆیە چەندە لە بارەی رابردووی ئەوانەوە بدوێین ، هێشتا هیچمان لەئاست سەروەری ئەواندا دەرنەبڕیوە .
ئەم كەسایەتیە ناسراو و ناودارەی سەردەمی خۆی كە لێرەدا باسی دەكەم ، یەكێكە لە هەزاران كەسایەتی ناوداری گەلی كوردی ستەمدیدە . جێگەی خۆیەتی كە بڵێم مایەی ئەمەك ناسی و وەفادارییە ، گەر جاروبار نووسەران و ڕۆشنبیرانی گەلەكەمان ئاوڕێك لە ڕابردووی كەسایەتییە ناودار و ناسراوەكانی نەتەوەكەمان بدەنەوە و خامەكانیان بخەنەكار و

چەند لاپەڕەیەك بە وشەی دڵسۆزی و وەفاداری بۆ ئەوان ڕەنگاڵەبكەن ، تا هەموان بەئاگابن لە ڕۆڵی ناودارانمان .
دەبا پێكڕا بەرز ڕاگرین یادیان و لە ناخەوە بڵێین دروود بۆ رەوانی پاكیان .

عبدالكريم بەرزنجی
٣٠ / ١ / ٢٠٠٥
دەنیمارك

# فەخري/ شێخ ئەحمەد بەرزنجی

ناوی تەواوی شێخ ئەحمەد،کوڕی شێخ موحێدین،کوڕی شێخ مەحموودی قوتب(١)،کوڕی شێخ عبدالرحمن،کوڕی شێخ عبدالعزیز،کوڕی شێخ محيالدین‌ی کەرکوك ـە.
ساڵی ١٩١٤ لە گوندی(٢) شۆریجەی ناوچەی قەرەحەسەنی سەربە شاری کەرکوك ، چاوەکانی ئاشنای ژیان بوون.
شێخ ئەحمەد لە نێوخێزانێکی وشیاردا پەروەردە بووە.
خوێندنی سەرەتایی لە شارۆچکەی قادرکەرەم بە زمانی تورکی تەواو کردووە .
لە پشووەکانی هاویندا گەڕاوەتەوە بۆ شۆریجە و لەو ماوانەدا بابەتەکانی ئایینی لەخزمەت کەسایەتی ناودار و زانای شەریعەت و تەریقەت ﴿ شێخ کەریم ﴾ ی شۆریجەدا خوێندووە .
هاوکات زمانی شیرینی کوردیشی بە شێوازی ئەو سەردەمە خوێندووە ، کە لە بابەتەکانی کتێبی ئەحمەدی و چیرۆکە ئەفسانەییە کوردییەکان پێکهاتووە.
پاش تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی بۆ تەواوکردنی زانستە ئاینییەکان ، چووەتە شاری کەرکوك و لە مزگەوتی نائب درێژەی بە خوێندن داوە .
۩ لێرەدا وەك وەفایەك بۆ ڕۆڵی ئەو کۆڕی زانستە لەو سەردەمەدا و بۆ بە ئاگابوونی نەوەی نوێمان لە ڕابردووی

گەلی كوردی دلێر ونیشتمانی پیرۆزمان ، بە پێویستی دەزانم ئەم خاڵەیان لاڕون بێت ..!
مزگەوتی ( نائب ) لەو سەردەمەدا سەرحێكی زانستی بە ناوبانگ بووە ، زۆر لە زانایان و شاعیرانی كورد لە ناوچەی كەركوك و دەوروبەریدا و لە ناوچەكانی دیكەی كوردستانیشدا دەرچووی ئەو سەرحە دێرینە بوون وەك: فەخری - بێخود - عاشقی - خاكی - فیكری - عاسی - هەوایی - صابري .
لەوێوە شێخ ئەحمەد بەرزنجي ﴿ فەخري ﴾ ئاوێتەی توێژەی ئەدیبان و ڕۆشنبیران بووە و لەوێیشدا زانستە ئاینییەكانی لەگەڵ زۆربەی بابەتەكانی زمانەوانی و ئەدەب و مێژوودا خوێندووە . لەو سەردەمەوە خولیای شیعر و ئەدەب بووە و ئەو ئارەزووە لەناخیدا جێگیربووە . سەرەتا شیعرەكانی بەنازناوی [ بێكەس] داناوە ، تا ساڵانی سییەكان ، دواتر نازناوی گۆڕیوە بە﴿ فەخري ﴾،پاشتر لەو بارەیەوە دەدوێیم .
لێرەدا شیعرێكی پێنج خشتەكی ﴿ فەخري ﴾ ، كە لە ساڵی ١٩٣٨دا، لە ژێرسەردێری{ پەریزادان }دا دایناوە ، دەخەمە بەر دیدەی ئێوەی خوێنەری ئازیز، ئومێدەوارم توانیبێتم بۆن وبەرامی غونچەگوڵێك لە گوڵزاری ئەدەبی كوردی لەم كات وساتەدا بگەیێنمە هەناسە ودەروونی عاشیقانی ئەو بەهەشتە.

# پەریزادان

تـەمـاشـای عـاشـقی چـاوی پـەریزادان بـە بـــێـداری
وەرە مـەجنون تـەمـاشاکە بـە نـازە چاوی خوێنخواری
نیـە لوتـفی لەگەڵ مندا نـە دیـدار و نـە گـوفـــــتاری
بـــــرینم کاریــە یــــارم ئـەگـەر بێـتو نـەکـا چاری
نـەمـانـم حـەتـمیــە یـاران،بـەیـادی بۆم بـکـەن زاری

حەقیقـەت من فیـداکاری کەســێکم لالـە روخسارە
دەمی گوڵغونچەی بـبزوێ گەزوە چیە، لـە سەرداره
وتـم  وامن ئـەرۆم لـەیلم بـە ئـەمری تۆیـە سێـدارە
وتی  ئـەم جارە نـۆ بەخشە سبەینـێ تـاکو ئــێـوارە
فیـداکارم عـەزیـزم من لەرێی ئـەو وەعـد ودیـدارە

خـودا ڕەحمی لـە دڵ نـا ئەو دڵارامـەم ویساڵی کرد
بـەدەستیخۆی دڵو ڕوح ودەرونیعاشیـقانـەی برد
ئـەمندێـوانـەکەی ئەو بوم خوداوەنـد قەسوەتیلابرد
لە دڵ ئەو یارەعەیارەم لە بۆتەی دڵ شەمی هەڵکرد
ئەمن بێکەس نـەمام ئـەمرۆ کوڵی ڕوح ودڵم دامرد

وەکو مەجنون نیە جێگە وپەنام بەسلایخودام ماوە
مەگـەر لەیلا سوئالم،کات بـڵێت ئەو شێتە هـەرماوە
هەمووهـیوا و ئـومێدی من ئەوە..بۆچ مەیـلی داناوە
تـوخوایـاران بـڵێن بێکەس خـەووخۆراکی خوێنـاوە

## فیدایم بمکوژێت خوێنم حەڵاڵی ئەو بەڵەک چاوە

**[١] شێخ مەحمودی قوتب باوە گەورەی شێخ ئەحمەدە. ئەو زاتە زۆر زانایەکی بە توانا بووە چەندین کتێبی داناوە دەربارەی مێژوو و ئاین.....هتد . گرنگترین کتێبی (بحرالانساب)ە بۆ ئەنجام دانی ئەوکارە گرنگە ماوەی چواردە ساڵ ناوچەکانی کوردستانی گەورە گەڕاوە بۆ بەدەس هێنانی بەڵگەی ڕاستی باوەڕپێکراو دەربارەی بنەچەی بنەماڵە و خێڵ و هۆزەکانی ناوچەکانی کوردستان و دەوروبەری.**

**[٢] شۆرجە یەکێکە لە گوندە گەورەکانی ناوچەی قەرەحەسەن دانیشتوانەکەی پێکهاتون لە شێخانی بەرزنجە و خاڵدانییەکان . ئەو گوندە زەوی و زاری باش و بە پیتی زۆری هەیە ، لەوەڕگەی بەرفراوانی بەکەڵکی هەیە بۆ ئاژەڵ بەخێوکردن . بەروبوومی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری تیدا بەرهەم دەهێندرێت . بەڵام شۆرجەیش یەکێک بوو لەو سەدان گودانەی گەرمیان کە بەر چنگی ڕەشی بەعسی فاشست کەوت و پرۆسەی ئەنفالی بەدناوی تێدا ئەنجامدرا ، پاش ئەنفال کردنی زۆربەی خەڵکی خۆڕاگری گوندەکە ، شۆرجەشیان خاپوورکرد .**

ئەمن راستی پەرستم ، بێژەری حەق
لە شاە باکم نییە... لە ئاستی ناحەق
لە سینەمدا .. قەتیس ناکەم مەبەستم
ئەگەرچی ئەنجنمکات ، داری ناحەق
فەخری

# سەردەمی منداڵی فەخری

لێرەدا دەگەڕێمەوە سەر ژیانی منداڵی فەخری ، زۆربەی کاتەکانی سەردەمی منداڵی لەگەڵ بنەماڵەی خاڵوانی و خزمانی قـادرکەرەم دا بەسەربردووە ، وەك پێشتر باسم کرد کاتێك کە تەمەنی دەگاتە هەڕەتی خوێندن ، باوك و دایکی دەینێرن بۆ قادرکەرەم و لە قوتابخانەی ئەو شارۆچکەیەدا دەست بە خوێندنی سەرەتایی دەکات .
زیرەکی شێخ ئەحمەد بەرزنجی ﴿ فەخري ﴾ لە ئاستێکی بەرزدا بووە ، بێ دواکەوتن ساڵانە پۆلەکانی خوێندنی بڕیوە و بە سەرکەوتوویی قۆناخی سەرەتایی تەواو کردووە . هەرچەندە ئەو دەمە خوێندن بە زمانی تورکی بووە ، بەڵام فەخری کێشـەی بۆ دروست نەبووە ، چونکە پێشتر ئەلف و بێ و بابەتەکانی زمانی کوردی لە حوجرەدا خوێندووە ، ئیدی زۆر بەباشی زمانی تورکی فێربووە .
بۆیە لە بوواری کاری ئەدەبیدا توانیویەتی وەرگێڕانی بابەتی ئەدەبی و دەقی شیعری بەرهەم بێنێت ، و سوود لە هەردوو زمانی کوردی و تورکی وەربگرێت .
لێرەدا شیعری﴿ شارستانییەت(١)﴾ دەخەمە بەردیدی خوێنەری بەڕێز کە ﴿فەخري﴾ شێخ ئەحمەد ، بە وردەکاریەکی ئەدەبی شیرینەوە لە زمانی تورکییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی .

# شارستانیەت

شارستانیەتی ئەم مەردومە عونقای[٢] دووەمە
نـاوی بێ ناوكە ، لاف و گـەزافی سـەردەمە

شـارستانیەت ڕەوشتی جوان وچاكەوبەخششە
خواپەرستی،ئاشتی وئیحسان،ڕەوشتی حاتەمە

مەعریفەت گەر بە سـەر و سیما وڕیش و مێزەرە
تـەگەكەی ئەخفەش [٣] حەكیمە عالمە چەشنی كەمە

ناوەڕۆك وشێوە گەریەكخەی بەفیكری ئیبلیسی
دەرئەنجام گونجانی نێوان مار و حەوا و ئادەمە

خواپەرستی گەر بەتەنها چونەحەج بێت بێگومان
باوەحاجی[٤]، كەرەكەی سۆفیە، بۆحەج هاودەمە

ئادەمیزاد گەر ڕەوشتی باش و چاكەی تیا نەبوو
داولـە[٥]، گەرچی لەشێوەی ئادەمیزاد بەرهەمە

**[١] ئەم پارچە شیعرەی شێخ ڕەزا لە ئەسڵە توركییەكەیدا لەژێر سەردێری مەدەنیەت دا هاتووە ، فەخری وەریگێڕاوەتە سەر زمانی كوردی لە ژێر سەردێری شارستانیەت دا.**
**[٢] عونقا : مەلێكی خەیاڵیە .**
**[٣] ئەخفەش : تەگەیەكی دەسامۆی زانایەكی بەناوبانگ بووە ، زۆر جار گەر قوتابییەكانی دەرسێك فێرنەبوبێتن ، ئەخفەش چرپاندویەتی بەگوێی تەگەكەدا و پاشان وەك تانووت بە قوتابییەكانی وتووە : ئابزانن چۆون فێری دەرسەكە بوو .**
**[٤] باوەحاجی: لەدێر زەماندا كابرایەك هەبووە ، چەن جارێك بە سواری گوێدرێژەكەی چووە بۆحەج ، یانی هەمیشە لە تەكیا بووە ، بەڵام گوێدرێژ فێری هیچ نابێت ..!**
**[٥] داوڵ : پەیكەرێكە لە كۆتاڵ و لۆكە درووست دەكرێت ، باغەوانەكان لە نێو باغ و بێستانەكانیاندا رۆیدەچێنن بۆ سڵەمینەوە و دوورخستنەوەی باڵندەكان ، بۆ پاراستنی بەروبوومەكانیان .**

# ڕۆژگاری ژیانی فەخري

شێخ ئەحمەد پاش تەواو کردنی خوێندن ، دەگەڕێتەوە بۆ گوندی شۆریجە ، بە مەبەستی هاوکاری باوکی و براکانی لە سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی کاروباری موڵکداری و داهاتیاندا.

ساڵی ١٩٢٦﴿ شێخ موحێدین(١) ﴾ باوکی شێخ ئەحمەد فەخري کۆچی دوایی دەکات و ڕەوانی پاکی بەرەو بەهەشتی خوداوەندی هەڵدەکشێت .

وەفاتی شێخ موحێدین کاریگەرییەکی زۆر دەکاتە سەر ژیانی شێخ ئەحمەد وکەسوکاری و خەڵکی گوندی شۆرجە . بەڵام ئەو کەسایەتییە ناودارەی گەرمیان ، زۆر خۆڕاگر و ورە بەرز بووە لە ئاست ڕوداوەکانی ڕۆژگاری ژیانیدا و رۆژ لە دوای رۆژ ، وەك ئەستێرە گەشە درەوشاوەتر و پرشنگدارتر بووە .

﴿ فەخري ﴾هەمیشە پەیوەندی دۆستایەتی توندوتۆڵ و چڕتر کردووە لەگەڵ کەسایەتی وبنەماڵە وعەشیرەتە ناسراوەکانی کەرکوك و ناوچەکانی گەرمیان و کوردستاندا ، وهەمیشە هەوڵی تەبایی نێوان خزمان وخەڵکی ناوچەکەی لا مەبەست بووە .

﴿ فەخري ﴾ شێخ ئەحمەد ، كەسایەتییەكی لێبوردە و بێ كینە بووە ، تەنانەت لە ئاست ئەو كەسانەیشدا كە لە سەردەمە سەختەكانی رۆژگاری ژیانی لانەوازی ئەودا..! موڵك و زەوی و زارەكانی كێشەیان بۆ دروستكردووە و دەستیان بە سەریدا گرتووە .

ئەو ڕووداوانە كاریگەری زۆری كردووەتە سەر ڕەوتی ژیانی .

كەسایەتی ناسراوی گەرمیان خوالێخۆشبوو خاتوو فاتمەخانی كچەزای پیری قەرەچێوار..! ناسراوە بە{ دایەخان }، لە وەسفی ﴿ فەخري ﴾ دا وتوویەتی: شێخ ئەحمەد ئەمسالی كەمن لە نێو پیاوانی هەڵكەوتووی ناوچەكەماندا ، بەڵام ئەفسووس كە ئاو لە شوێن بێڵی نایەت و زەمانە ستەمكارە لە ڕوویدا.

---

**[١] شێخ موحێدین پیاوێكی مافپەروەر بووە ، لە رووی ستەم و ستەمكاراندا وەستاوە . هیچ كاتێك بواری ستەمكردنی بەكەس نەداوە لە ڕوی كەسێكی تردا. لەهەمان كاتدا پیاوێكی بەدین و خواناس بووە . لە بۆنەی وەفاتیدا خوالێخۆشبوو mامۆستا مەلا عبدالمجیدی قوتب كە زانایەكی ناوداری دەڤەری گەرمیان بووە ، لە مەرسیەیەكدا باس لە ماف ناسی و خواپەرستی شێخ موحێدین دەكات و بەڕابەری دین‌ی دەناسێنێ . لە بەشێكی دیكەی ئەم باسە دا دەیخەمە بەر دیدی ئێوە خوێنەری ئازیز .**

# سەرکەمی لاوی فەخری

شێخ ئەحمەد زۆر ئارەزوی لە سواری ئەسپ و ڕاو و شكار بووە ، بەتايبەت ڕاوی ئاسك و كەروێشك . ئەو دوو جۆرە نەچیرەیش لە ناوچەكانی گەرمیاندا زۆرن .
﴿ فخري ﴾ هەمیشە باشترین جۆری ئەسپ و ماینی ڕەسەنی ڕاگرتووە بۆ سواری و هاتوچۆی ئاسایی و ڕاو و شكار.
هاوكات تانجی خێرا و ڕەسەنی ڕاگرتووە بۆ ڕاوی نەچیر.
لە پشووەكانی هاویندا و لە دەمی پاش تەواوكردنی خوێندندا زۆرجار لەگەڵ دۆست و هاوڕێیانیدا بەسواری چوون بۆ ڕاوی نەچیر . لە ڕاوی كەروێشك دا ، تانجی بەكارهێنراوە نەك تفەنگ .
دەشتی[بانشۆرجە(1)] دەكەوێتە باشووری گوندی شۆریجەوە چەندین كیلۆمەتری دووجا پان وبەرینە و دەشت و دۆڵی زۆری بە دەمەوەیە ، گژوگیای هەمەجۆر و لەوەڕی زۆر و زەبەنی تێدایە ، بۆیە بووەتە مۆڵگەی نەچیر .
كاتێك كە شێخ ئەحمەد مێوانی خۆشەویستی هاتوون ، پێكڕا چوون بۆڕاو و شكار و گەشت و گوزار .
زۆرجار بۆی دەگێڕاینەوە ودەیوت:

ساڵانە[ خزمانی قەرەداغ ] دەهاتن بۆ سەردانی خزمانی شۆریجە وچەندین رۆژ دەمانەوە وهەمووان پێكەوە دەچووین بۆ ڕاو و شكار .
وەك لە ژیانی زۆرێك لە مرۆڤەكانی كۆمەڵگەی ئێمەدا روودەدات ، ڕۆژگار تاسەر لە ئاستی هەموو كەسێكدا هەموار نابێت ، ژیانی شێخ ئەحمەدیش نەهامەتی زۆری لەخۆ گرتووە .
﴿ فەخری ﴾ شێخ ئەحمەد ، سەرەتا شێوازی ژیانی تا كۆتایی سیەكان پەیوەست بووە بە شادی و بەختەوەریەوە .
دیوەخانەكەی هەمیشە میوان پەزێر و مەجلیس ئارا بووە و كۆڕبەندی پیاوانی ناودار و شەوچەرەی هەوێنكراو بە سۆز و ئاوازی هونەرمەندانی ڕەسەنی گەرمیانەوە خەملیوە .
بەڵام لە سەردەمی ئاوێتەبوونیدا بە كاروباریی سیاسییەوە ڕۆژگارەكانی ژیانی ڕووی لە نەهامەتی كردووە .
هۆكارەكان زۆرن ..! تێكەڵبوونییەوە بە سیاسەت ، دڵ و دەروون پاكی لە ڕووی خەڵكی و كەسوكارەكەیدا ، كە هەندێكیان بە پێچەوانەی دید و بۆچوونی ئەو كەسایەتیە دڵسۆزەوە ، هەڵسوكەوتی ناحەزانەیان لەئاستیدا كردووە و فرسەتیان پێ بردووە وهەمیشە رێچكەی چەوتوچێڵیان لە ئاستیا گرتووەتەبەر ، بۆ دەسبەسەراگرتنی زەوی وزارەكانی.
ئەوان لە پێناوی سوودی تایبەتی خۆیاندا ، لانەوازی شێخ ئەحمەدیان بەهەل زانیوە و بۆ چەسپاندنی گەنكارییەكانی خۆیان .. كێشەیان بۆ رەخساندووە .

لـە كاتێكـدا كۆسـپێك هاتبێتـە ڕێگـەی شـێخ ئەحـمەد ، ئەوان كۆسپەكەیان دیواربەند كردووە و بە كینەكانیان هەڵیانچنیوە .
بەڵام شێخ ئەحمەد ، هەمیشە لە ڕووی ئەواندا سۆزدار بووە و بەهیچ شێوەیەك دژایەتی نەكردوون .
ئەو هۆكارانە بوونەتـە هۆی شێواندنی ژیـانی ئـەو كەسـایەتیە ناودارەی كەركوك و گەرمیان .
ئیدی ڕۆژگاری ژیانی ڕوو لە نەهامەتی بووە و خۆشییەكانی ژیانی لێ نامۆ بوون .
بـەڵام ئـەو پیـاوە خـۆڕاگرە هیچ كاتێـك ڕەشـبین نـەبووە و بـە هیـوای دواڕۆژێكـی ڕوو لـە شارسـتانێتی و ڕزگـاری نەتەوەكـەی ، هەمیشـە هـەوڵی سـەقامگیربوون و تـەبایی لـە نێوان خەڵكیدا داوە .
فەخـري تـا دواسـاتەكانی ژیـانی نـەفرەتی لـە ڕق و كینـە و ناكۆكی كردووە و ئاشتی لا مەبەست بووە.

---

**[١] بان شۆرجە / زەویەكی زۆر پانوبەرینە ، دەكەوێتە باكووری دێی شۆریجەوە . ڕووبەرەكەی چەندین كم٢ چوارگۆشەیە . زەوییەكانی بۆ دانەوێڵـە زۆر بەپیتن ، بەڵام تا ئێستا دێمـە و هیچ هەوڵێك بۆ بەراوكردنی نەدراوە .**

**⇧ - واباوە كە كەسی تیژڕەو بە سەعا تێك بە پیادە ئەو دەشتاییەی بڕیوە .**

# باب و باپیرانی فەخری

شـــێخ ئەحـــمەد ، کـوڕی شـێخ موحێـدینی ، کـوڕی شـــێخ مەحمودی قـوتب ، کوڕی شێخ عەبدولرەحمان کوڕی شـێخ عەبدولعـــەزیز ، کـــوڕی زانـــای بوارەکـــانی شـــەریعەت و تەریقـەت و پزیشـکی سـەردەمی خۆی { شـێخ موحێدین }ی کەرکوکە. [ مجمع الجواهر و برء الآلام ]لە بـارەی دەرمان سـازیەوە دوو کتێبـــی بـــە نـــرخن لـــە کـــۆی چەنـــدین کتێبـــی دەسنووسـی شـێخ موحێـدینی کـەرکوك . جێگـەی داخـە کـە زۆربەی کتێبەکانی لـەناو چوون(1). ئـەو کەسایەتیە پیرۆزە رۆژگاری ژیانی بۆ خـزمەت بە خەڵکانی هـەژار و لێقـەوماو تـەرخانکردووە . تـەکییەی شـــێخ موحێـدینی کەرکـوك ، کە دەکەوێتە باکووری گەڕەکەکانی ﴿ زێویە وئیمام قاسم ﴾ەوە ، لە شاری کەرکوك شـوێنەوارێکی دێرینە و نزیکـەی ٣٠٠ سـەد سـاڵ لەمەوبـەر دروسـت کـراوە . گـەڕەکی شـــێخ موحێـدین دەکەوێتـە بـەرامبەر تەکییەکـەوە . گڵکۆی پیرۆزی دەکەوێتـە پشت تەکییەکەی خۆیـەوە لـە گۆڕستانی گـەورە و ناسـراو بـە گۆڕستانی شێخ موحێدین . بوونی ئەو گۆڕستانە دەگەڕێتەوە بـۆ پـێش دەسـەڵاتی عەباسـییەکان . بـۆ سـەلماندنی ئـەم بۆچونـەیش بـوونی گـۆڕی { ئیمـام موحەمـەد کـوڕی ئیمـام موسای کازمـە } لـەو گۆڕستانەدا. ڕۆژگـاری ژیـانی ئـەویش دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەردەمی دەسەڵاتی عەباسییەکان .

گڵكۆی پیرۆزی{ ئیمام قاسم }ی برای ئیمام محمد ، كە هەردوكیان كوڕی [ ئیمام موسای كازم ]ن ، لە نێو مزگەوتی بە ناوی خۆیدایە لە گەڕەكی { ئیمام قاسم } . ئەوان لە ستەمی عەباسییەكان هەڵهاتوون ، لەو سەردەمەدا كە ئیمام موسای باوكیان بەرهەڵستی و دژایەتی زوڵم و زۆری خەلافەتی عەباسی كردووە ، بە ئەمری خەلیفەی عەباسی ئیمام موسی خراوەتە زیندانەوە ، و پاشتر ژەهراوی كراوە و شەهید بووە . بەڵام عەباسییەكان لە ترسی كادانەوەی كۆمەڵگە و بنەماڵەی ئیمام موسای كازم و هەوادارانیان پیلانیان بۆ لەناوبردنی كوڕەكانی ئیمام داڕشتووە . بەلام دڵسۆزان و هەوادارانی ئالوبەیتی پەیامبەرمان(د.خ) پیلانەكە ئاشكرا دەكەن و هەواڵەكە بە بنەماڵەی ئیمام موسا دەگەێینن ئیدی زۆربەی كوڕەكان و نەوەكانی ئیمام موسی لە بەغداد هەڵدن و پەنایان بردووەتەبەر دەسەڵاتەكانی دیكە لە ناوچەكەدا . ئەوانەی كورانەی ئیمام موسای كازم كە رزگاربوون ئەمانەن: ئیمام قاسم و ئیمام محمد ، گەیشتوونەتە شاری كەركوك و پەنایان بردووەتە بەر ئیمارەتی جەلائیری[٢] كە چەقی دەسەڵاتیان كەركوك بووە . گڵكۆی پیرۆز ئەو دوو كوڕەی ئیمام مووسای كازم ، لە گەڕەكی ئیمام قاسم دایە لە شاری كەركوك . با لێرەدا ئاوڕێك لە مێژووی ئەو ئیمارەتە كوردیە كوردیە بدەینەوە . لە ساڵی ١١٠٠از - ٥٦٤ كۆچیدا لە كەركوك و دەوروبەریدا لەسەر دەستی { بابا ئەردەلان } كە لە خێڵی [مامۆڵی] سەربە هۆزی

گـۆرانی کـورد بـوون دامــەزراوە ، و شــاری کەرکوکیــان کردووەتە چەقی دەسەڵاتیان . دووا میری ئیمارەتی جەلائیری میر ئەحمەدی جەلائیری بووە .
ساڵی ١٤٠٣ز، تـەیموری لـەنگ هێرشـی کردووەتـە سـەر ئیمـارەتی جـەلائیری ، کەرکـوك وهـەموو ناوچـەکانی ژێـر دەســەڵاتیانی داگیــرو وێــران کــردووە . لێــرەدا بۆمــان دەردەکـەوێت کـە پـاش قـەڵای کەرکوك دێرینترین گـەڕەك لە شــاری کەرکوکــدا گــەڕەکی {زێویــە}یە . چونکــە ئــەو گۆڕســتانەی باســمان لێــوەکرد هاوتەمــەنی ئــەو گەڕەکەیــە. گەڕەکی ئیمام قاسم دەکەوێتە پاین گەڕەکی{زێویە}وە .
دەگەڕێمـەوە سـەر باسـی بـاوکی شـێخ ئەحمـەد و ئـەم پارچـە شــیعرەی بەهەشــتی ماموەســتا(٣)مــەلا عبدالمجیــدی قوتــب دێنمــەوە یــاد کــە بەبۆنــەی کــۆچی دوایــی بەهەشــتی شــێخ موحێددینی باوکی شێخ ئەحمەد ( فەخري )یەوە ، بە زمـانی فارســی وتوویــەتی . قوتــب باســی ئــەو کۆســتە گرانــە و شــکۆمەندی کەســایەتی بەهەشــتی شــێخ موحێددین دەکــات و خەســڵەتە جوانەکــانی دەخاتــەڕوو و بــاس لــە حــەقبێژی و ڕابەرایــەتی ئــەو دەکــات بــۆ هاونشــینان و خــەڵکانی دەوروبەری و دەڵێت :

# فیراق موحیب[1]

ریحلەت دار البقاء ، فەرمودەئیك ئەز ئەهل دین
شێخ موحێدین نامش نەسل فخرالمرسلین

نەعرەی زار و فوغان ئەز ئاسمان هەفتەمین
گریه و ماتەم هوەیدا کەرد دەر ڕوویی زەمین

هاتیفێ ئەز غەیب مینالید دەر وەسفش چونین
ان د ار الخلد فینا ازلفت للمتقین

جەوهەر تەئریخ گوفت عبد المجید دلحەزین
قائل غوفران حەق بود رەهبەر ئەصحاب دین

قوتبزاده عبدالمجید

---

**(١) بەرواری ئەم مەرسیەیە بە حیسابی ئەبجەدی ساڵی ١٣٤٦کۆچی یە.**
**(٢) چەندین کتێبی بەنرخی لە ئەنفالە بەدناوە کەدا لە ناو چون .**
**(٣) دکتۆر نوری تاڵەبانی لە لاپەڕەی ١٣ لە کتێبی ـ منطقة كركوك و محاولات تغيير واقعها القومي . لەوێدا ئیشارە ت بە کتێبی ئەنسکلۆپیدیای تورك دەدات کە بە تورکی چاپکراوە .**

# بنەماڵەی دایكی فەخری

وەك پێشتر باسمانكرد ، زۆربەی هۆز و خێڵ و بنەماڵەكانی ناوچەی كەركوك و دەڤەری گەرمیان دۆستایەتی ئەو كەسایەتییە ناودارەی گەرمیانیان كردووە . عەشیرەتی جەبباری ، خاڵوانی شێخ ئەحمەد ﴿ فەخري ﴾ ین .
خاتو فەتحییەخانی دایكی كچی سەیید سەمەدی جەباری وخوشكی سەیید[محمی جەباری]یە ، كە لە نێو زۆرینەی كۆمەڵگەی كوردەواریدا ناسراوە و فەرماندەیەكی بەناوبانگی لەشكری حكومەتەكەی شێخ مەحمودی مەلیكی كوردستان بووە . فەتحیەخان /یەكێك بووە لە ئافرەتانی ناوداری ناوچەی گەرمیان و كەسایەتییەكی بەڕێز و بایەخدار بووە لای خەڵكی ناوچەكە . فەتحیەخان/ كەسایەتییەكی بە توانا و خۆڕاگر بووە و لە هەموو بارودۆخێكدا سەلماندوویەتی كە ئافرەتی كورد تواناى كەمتر نییە لە رەگەزی بەرامبەر.
فەتحیەخان / لە زۆربەی كاروباری بنەماڵەكەیاندا ڕاپرسی پێكراوە . لەتافی لاویدا بە سوارچاكی و تیرئەندازی ناسراوە لە كاتێكدا كە مەترسی ناحەزانیان هەبووبێت لەتەك براكانیدا شەوانە ئێشكی گرتووە .
فەتحییەخان / هەمیشە و لە هەموو بۆنەیەكدا بە هەڵوێستی جوامێرانە ناسراوە . درووود بۆ رەوانی پاكی .

# فەخری لەپێکهاتەی خێزانیدا

١- [ شێخ مەحمود ] برای گەورەی فەخری ، پیاوێكی هێمن وشیرین زمان بووە ، هەردەم بە نوكتەی خۆش گەشەی داوەتە دڵی هاونشینانی ، هەمیشە دوورگری كردووە لە كاری سیاسییەوە ، هیچ دەمێك ئارەزووی كاروباری كشتوكاڵی نەبووە ، لەسەرەتای لاویەوە و پاش خوێندنی سەرەتایی حوجرە چووەتە كەركوك ، لە كۆمپانییای نەوتی كەركووك دامەزراوە وپاشان خەریكی كاری بازاڕ و فرۆشگە بووە ، پاشتر خێزانی پێكەوە ناوە و ئاسایی ژیاوە.

٢- [ شێخ موحەممەد ] لە فەخری بچوكتر بووە ، لە شێوە و بەژن و باڵادا زۆر لە فەخری چووە . كەسێكی زۆر چاپك و گورجوگۆڵ بووە . لە هەموو جۆرە كارێكدا پێشرەو بووە . هێز و توانایەكی سروشتی لەڕادە بەدری هەبووە . لە ئەنجامدانی هیچ كارێكدا نكۆڵی نەكردووە .
ئەویش پاش تەواوكردنی خوێندنی حوجرە ، و لە سەرەتای لاویەوە چووەتە شاری كەركوك و لەگەڵ شێخ مەحمودی كاكی دا لە كۆمپانیای نەوتی كەركوك دامەزراوە .
مخابن سەرلەبەیانیەك ساڵی ١٩٤٩ ، لە نێو پرسگەی شوێنی كارەكەیدا دەمانچە لەدەست هاوڕێیەكی دەردەچێت و گولەكە بەرڕووی شێخ موحەممەد دەكەوێت و لەوێدا گیان دەسپێرێت ، سڵاو بۆ ڕەوانی پاكی شێخ محمد .

٣-[ شێخ عەزیز] ، برای بچوكی ﴿فەخری﴾ بوو ، بەهۆی مردنی باوكیان و لانەواز بوونی شێخ ئەحمەدی كاكییەوە ئیدی نازی دەشێوێت و لەخوێندن بێبەری دەبێت ، هەرچەندە تا كۆتایی پەنجاكان سەرپەرشتی زەوی وزارەكانیان دەكات لە گوندی شۆریجە ، بەڵام پاشان بەهۆی ناهەمواری ئەو ڕۆژگارەوە دەست لە كاری كشتوكاڵ هەڵدەگرێت و هەوار دەگوێزێتەوە بۆ شاری كەركوك و لەوێدا نیشتەجێ دەبێت . دواتر لە فەرمانگەی ئاووئاوەڕۆی كەركوك بە كارمەند دادەمەزرێت . ساڵی ١٩٩٦ كۆچی دوایی كردووە.
٤- [ حەپسەخان ] تاقانە خوشكی فەخری بووە ، لە تافی لاویدا جوانەمەرگ بووە . پەیوەندیەكی رووحی زۆر پتەو لە نێوان فەخری و حەپسەخانی خوشكیدا هەبووە و زۆری لا ئازیز بووە .{فەخری}لەژێر سەردێڕی﴿زایەڵەی ڕووح[1]﴾دا مەرسییەیەكی بۆكۆچی دوایی حەپسەخان داناوە .
لێرەدا و لەگەڵ ڕێزمدا دەیخەمە بەر دیدی خوێنەی ئازیز.

---

**[١] ئەم ﴿ مەرسیە ﴾ یە لە ساڵی ١٩٤٠ی زایین دا وتوویەتی .**

# زایەڵەی ڕووح

مەرسییە / فەخري

فوغان و شـــین و واوەیـــلایە ئـەمڕۆ
ئـەڵـێی دواڕۆژی عـاشـــورایە ئـەمڕۆ

هەموو شێواون ئـەمڕۆ ، ناس و ئـەجنـاس
کە شۆرجەی شێوەی ﴿ کەربەلا ﴾یە ئەمڕۆ

ئەوی عالی نەسەب زەهرای زەمان بـوو
ئـەڵـێن شـام بۆ سەری سـەودایـە ئـەمڕۆ

ئەریٚ هۆ زەینەبەم ، خواهەر، فریشتەم
بەهیجرانت ژیـــان کۆتـایـە ئـەمڕۆ

توخوا خوێشان عەزیزان پرسەگێڕان
بگـەن بـەو مــاهە وا ئـــاوایە ئەمڕۆ

بڵێن: حـەپـسـەی لـە ئـالی تـاهــیریـــــنم
دوو دیـــدەی فـەخـــری نــابـیـنـایــە ئـەمڕۆ

# پێکهاتەی خێزانی فەخری

شێخ ئەحمەد ﴿ فەخری ﴾ لـە سەرەتای چلەکاندا هاوسەرگیری کردووە . سێ کوڕ(١) وکچێکی(٢) هەیە بە ناوەکانی نەوزاد - عبدالکریم - ئازاد - کچەکەیشی بە ناوی - پەروین .
فاطمەخانی خێزانی شێخ ئەحمەد ، بنەچەی دەگەڕێتەوە بۆ عەشیرەتی زەنگەنە . فاطمە کچی عبدالقادری موحەممەد رەزا گۆلاخی یە ، کە یەکێك بووە لە پیاوە کەڵەمێرد وجوامێرەکانی بنەماڵەکەیان . لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا ، ناکۆکی دەکەوێتە نێوان زەنگەنەکانی نیشتەجێی دێی گۆلباخی خوارو کە جاسم ئاغای زەنگنە سەرپەرشتیانی کردووە ، ونێوان بنەماڵەیەکی جاف ، کە نیشتەجێی چەند دێیەکی هاوسنووری زەنگەنەکانی دێی گۆلباخ بوون . ناکۆکییەکە پەرەدەسێنێت تا دەگاتە ئەوڕادەیەی هێرش کردنەسەر یەکتر ئیدی دەست بە تاڵان وبڕۆی مەڕوماڵاتی یەکدی دەکەن. دواتر ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو خێڵ دەگاتە لوتکەو پیاوێکی بەتەمەنی زەنگەنەکانی گۆلباخ ، بە ناوی غەنی زەنگنەی گۆلباخی ، پاش بە تاڵان بردنی پەز و مەڕەکانی بەدەسی دوو جەردە لە جافەکان دەکوژێت ، پاشترلە لەشکرکێشییەکی زەنگەنەکاندا بۆ سەر جافەکانی نیشتەجێی گوندی [ تەپەعەرەب ] بکوژەکانی غەنی زەنگەنە دەکوژرێن و مەڕوماڵاتی دانیشتوانی گوندەکەیش بەتاڵان دەبرێت ، ئیدی رێگەچارە زۆر ئەستەم دەبێت لە ئاشتەوایی نێوانیاندا.

وا دەردەكەوێت كە عبدالقادر محمد رەزا دەستی لە كوشتنی دوو بكوژەكەی غەنی زەنگنەدا هەبووبێت . بۆیەش بۆ پارراستنی بنەماڵەكەیان لە لەشكركێشی عێڵی جاف گۆلباخی بەجێ دەهێڵێت و پەنا دەباتەبەر[ عەزیزبەگی گل ] كە لەو سەرەدەمەدا سەرۆك هۆزی عەشیرەتی ( گل ) بووە . بێگومان لەو حاڵەدا پارێزراون ، چونكە عورفی عەشائیری وابووە كە هەركەسێك یان بنەماڵەیەك پەنایان بردبێتە بەرعەشیرەتێكی دیكە ، ئیدی لە سنووری دەسەڵاتی ئەواندا پارێزراون،پێدەچێت[عێڵی جاف]یش لەو دەمەدا نەیانویستبێت دۆستایەتی و متمانەی نێوان ئەوان وعەشیرەتی[ گل ]دا لەدەست بدەن . بۆیە تاڕادەیەك (عبدالقادر محمدرەزا) باوكی [ فاطمە خان ]ی خێزانی شێخ ئەحمەد ، لە پەنای گلەكاندا ئاسوودە بووە . پاش چەند ساڵێك عبدالقادر لەگەڵ چەند كاروانچییەكدا بۆ كاری بازرگانی دەچێت بۆ شاری سلێمانی ، بەڵام لەكاتی گەڕانەوەی كارواندا بۆ ناوچەی[ بناری گل ]ی دەڤەری گەرمیان هەواڵی مردنی[عبدالقادر محمد رەزا] دەگەێیننە كەسوكارەكەی هەواڵی مرنەكەی كە گوایە بە نەخۆشی كوتوپڕ بووێت جێگەی گومانی بنەماڵەكەی بووە ، چونكە جەستەكەشیان لە گوندی بەكرەجۆی پەنای شاری سلێمانی ئەسپەردەی خاك كردووە . فاطمەخانی كچی عبدالقادر ، تا دواهەناسەی ژیانی هەمیشە بە ڕووداوێكی گوماناوی باسی لە مردنی باوكییەوە دەكرد و خەمێكی گەورە بوو لە دڵ ودەروونیدا .

# قادرکەرەمە جێی کەرەمی حەزرەتی مەولا

﴿ فەخري ﴾ شێخ ئەحمەد ، لەو دەمەوەی لە قوتابخانەی قادرکەرەم دەستی بە خوێندن کردووە ، زیاتر پەیوەندی پەیوەست بووە لەگەڵ خزمانی( قادرکەرەم )دا.
زۆرجار ئەو نیو بەیتە شیعرەی بەهەشتی شێخ عبدالكريمی قەرەچێواری دەخوێندەوە کە سەردێڕی ئەم لاپەڕەیە ، پاشان باسی ئەو سەردەمانەی(قادرکەرەم)ی دەکرد کە شاکر فەتاح بەڕێوەبەری ناحیە بووە ، وهەمیشە ڕۆڵی ئەو پیاوە ڕۆشنبیرە و کارە خزمەتگوزاریەکانی ئەوی دەنرخاند کە بۆ خەڵکی قادرکەرەم ودەوروبەری ئەنجامی دابوو ، لە بوواری ڕۆشنبیری و شارستانێتیدا .
ئاواش باسی هاوکاری کەسایەتییە ڕۆشنبیرەکانی قادرکەرەم و ناوچەکەی دەکرد لە ئەنجامدانی کارە خزمەتگوزارییەکانی بەهەشتی شاکرفەتاح دا بۆ شارۆچکەی قادرکەرەم .
لەو کارە گرنگانەی ئەو کەسایەتییە بیرمەندەی کورد لەو شارۆچکەیەدا ئەنجامی داوە ، کردنەوەی باخێکی گشتی بووە لە شارۆچکەی قادرکەرەمدا ، کە ڕۆژانی هەینی خەڵکی شارۆچکەکە لەنێو ئەو باخچەیەدا کۆبوونەتەوە و کۆڕی ئەدەبی و سەیران و شەوچەری تێدا گیراوە .
لەوێوە رۆشنبیران خەڵکیان هانداوە بۆ پێشوازی کردن لە شارستانێتی . لەو سەردەمەیشدا گۆڤاری وەرزی﴿ باسەڕە ﴾ی بە هاوکاری دەستەیەك لەرۆشنبیرانی قادرکەرەم دەرکردووە.

سەرنووسەری گۆڤارەكە شاكرفەتاح بووە ، و چەندین لاوی ڕۆشنبیری وەك شێخ مارفی بەرزنجی و شێخ ئیبراهیمی قادركەرەم و مەلامحەممەدی قەشقە و...هتد بەشداریان لە نووسین و بەئەنجام گەیاندنی ئەو گۆڤارەدا كردووە .
مایەی شانازییە بۆ ئێمەی كورد ، لە ڕۆژگارێكدا كە جەنگی جیهانی دووەم بەرپابووە ولەهەمولایەكی جیهاندا لەناوبردنی مرۆڤەكان و وێرانكاری ئەنجامدراوە ، بەڵام گەلی كوردی ستەمدیدە خەڵكانێكی ئـاوا دڵسۆزی خاك و نەتەوەیان تێدا هەڵكەوتووە و سووربوون لەسەر ئەنجامدانی ئەركی نیشتمانیان لە وروژاندنی توێژەكانی گەلی كورددا بەرەو ژیانی باشتر و گەیشتن بە ڕەوتی كاروانی شارستانێتی وەك هەموو گەلانی جیهان .
بۆیە فەخری ئەو سەردەمانەی[ قادركەرەم ]ی بە مەڵبەندی ڕوشنبیری ناوچەی گەرمیان دەناساند . كەواتە ، شێخ ئەحمەد فەخری خودی خۆیشی لە ڕەوتی ئەو كۆڕ وكۆمەڵەدا بەشداربووە و ئومێدی بەو چالاكیانە پتەو بووە .

(1)خوالێخۆشبوان شێخ ئەحمەد و شێخ عبدالعزیز ئەوەندە پەیوەندی نێوانیان پتەو و پەیوەست بووە ، تەنانەت ساڵانی پەنجاكان لە كەركوك لە خانویەكدا پێكەوە دەژیان .

# فەخری وئاوێتەبونی بەسیاسەت

بۆ تەواوکردنی زانستەکانی ئاینی دەچێتە شاری کەرکوك و لە مزگەوتی نائب درێژە بە خوێندن دەدات ، ئەو ئاوێتەبوونە لە نێو توێژەی ڕۆشنبیراندا زۆر کاریگەر بووە لەسەر کەسایەتی شێخ ئەحمەد لە ئاوێتەبونیدا بەسیاسەت و خەباتی کوردایەتی . ئەو سەردەمانە پەیوەندی وخۆشەویستی خەسڵەتی خزمایەتی بتەو بووە و بە پیرۆزی راگیراوە.
هەرچەندە نێوان قەرەحەسەن و قەرەداغ بۆ ئەو سەردەمانە زۆر دووربووە ، بەڵام ( فەخری ) شێخ ئەحمەد بۆ دانەبڕانی پەیوەندی خزمایەتی و پتەوکردنی دۆستایەتی ساڵانە دووجار پێکڕا لەگەڵ کەسایەتیە ناسراوەکانی خزمانی قەرەحەسەن و کەرکوکدا ، سەردانی خزمانی دێلێژە وسۆڵە وقازانقایە و بەرزنجە و شوێنانی دیکەیان کردووە .
لەڕێگەی ئەو پەیوەندیە چڕەوە بیرۆکەی کوردایەتی لەنێو چینی لاواندا زیاتر گەشەی کردووە .
( فەخری ) پەیوەندی دۆستایەتی چڕی لەگەڵ عەشیرەت وبنەماڵە ناسراوەکانی دەڤەری گەرمیان و شاری کەرکوك و دەوروبەریدا هەبووە . چەندین جار لەخزمەت شێخ محي‌الدینی باوکی وسەید محمدی جەباری خاڵیدا سەردانی مەلیکی کوردستان شێخ مەحمودی حەفیدی کردووە .
ئەم کەسایەتییە ناودارەی گەرمیان پەیوەندی پتەوی لەگەڵ کەسایەتی ناوداری کورد سەید ئەحمەدی خانەقادا هەبووە .

لێرەدا دەخوازم سەرنجی خوێنەرانی رێزدار بۆ بابەتێكی ئەدەبی راكێشم كە لە كەشكۆلێكی دەسنوسی بەهەشتی شێخ أحمد( فەخری )دا دەستمانكەوتووە .
بابەتەكە پارچە شیعرێكی عیرفانی مەلیكی كوردستان شێخ محمودی حەفیدە لەژێرسەردێری{ ئەگەرشاهم۩} دا هاتووە .
وەك خوالێخۆشبوو فەخري بۆی دەیگێڕاینەوە:لە سەردانێكیدا بۆخزمەت شێخ محمودی حەفید ، ئەم هەڵبەستەی بەدیاری لێوەرگرتووە .
مخابن ، ئەو هەڵبەستە خراوەتەپاڵ بەهەشتی مەلا مەحمودی بێخود و لە دیوانەكەیشیدا چاپكراوە . بەڵام ڕاستیكەی ئەمەیە كە لێرەدا باسی دەكەم .
بۆزیاتر ڕوونكردنەوەی ڕاستی ئەم بابەتە ، لێرەدا پارچە هەڵبەستەكە وەك خوالێخۆشبوو فەخری لە شێخی نەمری وەرگرتووە دەخەمە بەر دیدەی خوێنەری ئازیز.

---

**۩ ئەم هەڵبەستە ، شێخی نەمرلە سەردە می ئەسیربوونیدا وتوویەتی . دەسپێكی هەڵبەستەكە بە واتای{ ئەگەرشاهم } دە ستپێدەكات ، لێرەدا من دەپرسم : بۆ مەگەر لە شێخی نەمر بەولاوە كەسێكی دی هەبووە شاهی كوردان بوو بێت ..؟**

# ئەگەر شاهم

ئەگەرشاهم وگەرشاهێن وبازم یارەسول‌الله
وەتەن ئـاوارە و هـێلانە وازم یا رەسول‌الله

بە ڕۆژ پەروانەیەکی دڵشکاو و بێ پەڕوباڵم
بەشەوشەمعێکی پڕسۆزوگودازم یارەسول‌الله

لەتێکۆشین‌وڕزگاری‌منی ئاوارە داکول بون
هەمو بـاپـیرەکانی دڵ نـەوازم یا رەسول‌الله

ئیترهەرخۆتـئەبێ‌چارم‌بفەرموی‌چونکەهەرخۆتـی
تـکا کــارم مـوعـینـم چارەســازم یا رەســول‌الله

ئەزانم خۆخیلافی‌ئەمری تۆم زۆرکردوە ئەمما
کوڕی خۆتم بە لـوتـفی تۆ ئەنازم یا رەسول‌الله

نەجاتم گەر بدەی زوبۆ تەوافت حازرم یەعنی
بەکەعبەی‌ڕوتـڕوەوخاکی‌حیجازم یارەسول‌الله

غـوڵامێکم ئەوا خۆم خستە قاپی غیرەتی تۆوە
بەناو مەحمودم ئەمما هەرئەیازم یا رەسول‌الله

# ﴿ فەخری و بیری نەتەوەگەری ﴾

لەم بەشـەدا دەمەوێـت ئاوڕێـك لە هەڵسـوكەوتی نەتەوەگەری ونیشتمانپەروەری شێخ ئەحمەدی فەخري بدەینەوە و بە دید و بۆچوونەكـانی ئاشـناتان بـكەم . لە سـەردەمی سـەرەتاكانی شـەڕی فەلەستیندا(١) حكومـەتی عیراقـی جاڕی بـۆ هـەموو عیراقییەكان دابوو بۆ خۆبەخشین و چوونـە جیهاد لـە پێناوی خاكی خەڵكێكدا كە پێوەندی ئاین نـەبێت ، هیچ شتێكی دیكە ئێمەی كورد بەوانەوە گرێنادات ، بۆ ئـەنجام دانـی ئـەو كـارە حكومــەتی عیراقــی لەڕێگــەی فەرمانگەكــانی تەجنیــدەوە بانگێشــەی ئــەو لاوانــەی كردبــوو كــە هەڕەتــی ســەربازیان هاتبوو . لە دێی شۆرجەی قەرەحەسـەن ، نـاوی (١٧) لاو بۆ ئەو مەبەستە دێتەوە كـە دەبێت ببـرێن بـۆ جیهـاد ، بەلای شێخ ئەحمــەدەوە ئــەو كــارە ناڕەوادەبێــت ، بێگومــان خەڵكــی گوندەكەیش قایل دەكـات كە قایـل نـەبن ، بۆیـە لاوەكـان لەگەڵ خۆی دبات ودەچێتە كەركوك بۆ لای بەهەشتی خوالێخۆشبوو كەسایەتی ناوداری كورد و مایـەی فـەخری شـاری كـەركوك [ سـەید ئەحمــەدی خانــەقا ] ، كــە دۆســتایەتیەكی پتــەو لــە نێوانیانـدا هەبووە . مەسـەلەكەی بۆ دەگێڕێتـەوە ، ســەیید بـە شێخ ئەحمـەد دەڵێت: چیت بـۆ بكـەم و چیت پێباشــە ، شێخ ئەحمــەد دەڵێــت: قوربــان نامــەوێت ئــەم گەنجانــە ببــرێن بۆسەربازی ، ســەید ئەحمەد بە زەردەخەنەوە دەڵێت یاشێخ ، خەڵكی خۆیان داوا دەكەن ببرێن بۆ جیهاد..! شێخ ئەحمەدیش

بەزەردەخەنـەوە دەڵێت : قوربـان مـن ئەو جیهـادەم ناوێـت و نامــەوێت گــەنجی كــورد لە پێنــاو خــاكی خــەڵكێكی تــردا بەكوشـت بچـن . پاشـان بەھەشـتی ســـەید ئەحـمەدی خانەقـا ، كارتێكی تایبەتی خۆی ئیمزا دەكات و دەیداتە شێخ ئەحـمەد و دەڵێت: بیبە بۆ مودیری تەجنید . پـاش سـوپاسگوزاری شێخ ئەحمەد بۆ جەنابی سەیید ئەحمەد لەتەك ١٧ گەنجەكەدا دەچن بۆ دائیرەی تەجنیدی كەركوك. خوالێخۆشبوو چەندین جـاری دەیگێـڕایەوە و دەیـوت :ـ ھەركـە كـارتەكەی سـەید ئەحـمەد ولیسـتی ناوەكـانم خسـتە بەردەسـتی مـودیری تەجنیـد ، كـارتەكەی لەسەرسـەری دانـا و پـاش ئەوەی داواكـاریەكم پـێ گەیانــد ، وتــی: گەنجــەكان كامــانەن و كــوا دەفــتەری خزمەتەكانیان..؟ منیش ھەموو دەفتەرەكانم لە بەردەستی دانـا ، ئیدی یەكسەر بڕیاری بەخشینیانی دەركرد .

لێـرەدا گـەورەیی و رێـزی كەسـایەتی نـاوداری كـورد سـەید ئەحمەدی خانەقا و دڵسۆزی شێخ ئەحمەدمان بۆ دەردەكـەوێت كە نەیانویستوە خوێنی لاوانی كورد لـەپێناو خـاكی میللەتێكـی تردا بڕێژرێت . ھەموو ناودارانی دڵسۆزی كورد ئاوا بیریان كردۆتــەوە ، كــە پیویســتە لاوانــی كــورد ھانبــدرێن بــۆ خۆبەختكردن لەپێنـاوی گەلـی كـورد و خـاكی كوردستاندا و لەو پێناوەدا گیان فیدا بكەن ، نەك لە پێناوی خاكی بێگانەندا.

**( ١ ) ئـەم ڕوداوەاوەم لە بەھەشتی باوكم شێخ ئەحمەد و ئە و خەڵكانە بیستۆە كە لەو كۆمەڵە لاوە نیشتمانپەروەرانە بوون كە پێشتر باسم كردن .**

# فەخری وسەردەمی حیزبی هیوا

وەك هەموو حیزب و ڕێكخراوەكانی ئەو سەردەمانەی پێش حیزبی﴿ هیوا ﴾هاتونەتە مەیدانی خەباتەوە ، هەمان ڕێچكە پیادە كردووە لە دامەزراندنی حزبی ﴿ هیوا ﴾ دا . ئەویش بنیادنان و دامەزراندنی ئەو حیزبە بووە لە كەسایەتییە ناوداروڕۆشنبیرەكانی كۆمەڵگەی كوردەواری لەوسەردەمەدا كە پێكهاتوون لە پیاوانی ناوداری كورد وەك : رۆشنبیران - مەلا - ئاغا - بەگ - كوێخا - مەللاك - كارمەندان - وخەڵكی بەدەسەڵاتی كوردستان،چونكە ئەو سەردەمە تەنها لەو توێژانە سود وەرئەگیرا بۆ هەموو كارێكی سیاسی یان كۆمەڵایەتی . لێرەدا باسەكە دەمانباتەوە سەر ڕۆڵی فەخري شێخ ئەحمەد لە كاروچالاكییەكانی حێزبی هیوادا.لەسەرەتای دامەزراندنییەوە فەخري یەكێك بووە لەو كەسایەتیانەی كە دەستەی دامەزرێنەری حیزبی هیوا پەیوەندیان پێوە كردووە . پاش دیداری مامۆستا ڕەفیق حیلمی و هاوڕێیانی ئەو ڕێبازەی پەسەند كردووە و چالاكانە لەلقی كەركوكی حیزبی هیوادا دەستی بە خەبات كردووە . لەو دەمەدا مەلا حەسەنی عەبابەیلێ ناسراو بە ﴿ شاهۆ ﴾ لێپرسراوی لقی كەركوكی بووە . لەو هاوڕێیانەی كە هاودەمی خەباتی سیاسی شێخ ئەحمەد بوون لە سنووری كەركوكدا ناوی ئەم كەسایەتیە ناسراوانەم لەیاد ماون خوالێخۆشبووان/مەلاخورشیدی سیامەنسوری(١)شێخ جەباری

جەباری(٢) شێخ حوسێنی جەباری(٣) مەلا كەریمی باوا(٤). ئەوان دڵسۆزانی گەل و نیشتمان و زۆر كەسایەتی دیكە كە هەمیشە و تا ماڵئاوایی كردنیان لە ژیان پەیوەندی برایەتی ودۆستایەتیان پەیوەستتر وپتەوتر دەبوو.زۆرجارم دێتەوەیاد كاتێك كە لە مەجلیسی خۆیاندا و بە یادی رۆژانی ڕابردووی ژیانیانەوە ئاوێتەی یەكتر دەبوون و بە واتای شەكەرباری لەگەڵ یەك دەدوان ومەجلیسیان دەبوو بە كۆڕی ئەدەب وشەوچەرەی ئەدیبان . زۆرجار داوایان لە خوالێخۆشبوو كەسایەتی سیاسی وئەدەبی گەرمیان { مەلا كەریمی باوا } دەكرد بۆ خوێندنەوەی پارچەیەك لە شیعرە نیشتمانییەكانی . زۆرجاریش دەچونەووە سەرباسی خەبات وتێكۆشانی ئەو كرێكاران و باسی مانگرتنە بەناوبانگەكەی كرێكارانی گاورباغی یان دەكرد ، ئەو مانگرتنەی كە بۆ یەكەم جار لەعیراقدا كرێكارانی كۆمپانیای نەوتی كەركوك بۆ داوای مافە ڕەواكانیان لەباخی گاوران، نزیك بە فەرمانگەی نەوتی كەركوك ئەنجامیان دابوو . بەڵام ڕژێم دڕندانە پەلاماریان دابوون ودوازدە كرێكاری تێدا شەهید بووبوون.

---

**(١) ئەو ڕۆژە هەرگیز لە بیر ناچێتەوە . ڕۆژی ڕزگار كردنی كەركوک لە ڕاپەڕینی ساڵی1991 دا كە خوالێخۆشبو مەلاخورشیدی سیامەسوری پشتی دابو بەدیواری تابلۆی شەهیدانەوە لەگەڕەكی شۆرجە لە گەڵ داباری فرمێسكی خۆشیدا سەری بەرەو ئاسمان هەڵ دەبڕی و دەیگوت ، خودایە تا سەربێ . درووود بۆ گیانی پاكی خەباتكارنمان .**

**(٢) خوالێخۆشبو شێخ جەبار جەباری سەرۆكی هۆزی جەباری بوو .**

**(٣) خوالێخۆشبوو شێخ حوسێن جەباری كەسایەتیەكی ناسراوی ناوچەی گەرمیان بوو .**

**(٤) مەلا كەریم ناوی تەواوی{ عبدالكريم ئەحمەد گورون ]ە كەسایەتیەكی ناسراوی كەركوک و ناوچەی گەرمیان بوو . یەكێک بووە لە خەباتگێڕانی حیزبی هیوا.**

# حیزبی هیوا

زۆر بابەت نووسراوە دەربارەی مێژووی دامەزراندنی حێزبی هیوا ، بەڵام جیاوازیەکی زۆربەدی دەکرێت لە ڕا و بۆچونەکاندا بە تایبەت لە بابەتێکی بەڕێز ئەحمەد باوەڕدا کە لەژمارە[١]ساڵی دوەمی گۆڤاری کەرکوکدا هاتووە دەربارەی خوالێخۆشبوو ماموەستا(ڕەفیق حێلمی)،ئەو بەڕێزە تەنها وەك سەرکردەی حیزبی هیوا ناساندوویەتی ، بەڵام هەموو ڕۆشنبیرانی کورد و زۆرینەی خەڵکی کوردستان دەزانن کە (ڕەفیق حێلمی) دامەزرێنەری حیزبی هیوا بووە .
لێرەدا بە پێوەستی دەزانم کورتەیەك لە ژیانی ماموەستای دەمەزرێنەر و سەرکردە ڕەفیق حیلمی باس بکەم .
ڕەفیق کوڕی سالح عەبدوڵلایە کە ناسراوە بووە بە{حیلمی} ڕەفیق حیلمی ساڵی ١٨٩٨ لە شاری کەرکوك هاتۆتە دونیاوە وچاوەکانی ئاشنای ژیان بوون،پاش تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی چووەتە ئەستەمبوڵ،لەوێ کۆلیجی سەربازی تەواو کردووە ، پاش گەڕانەوەی بۆ کوردستان لە سەرەتای ساڵی ١٩٢١دا دەبێتە ماموەستا . ئیدی دەسی بەخەباتی سیاسی کردووە و تێکەڵ بە ڕەوتی کاروانی خەباتی شێخ محمودی نەمر بووە لە پێکهێنانی حکومەتی کوردستانی جەنوبیدا.
دووبارە بەڕێز ئەحمەد باوەڕ لە شوێنێکی دیکەی باسەکەیدا ناوی ماموەستا ڕەفیق حیلمی لەپاش هەموو ناوەکاندا زنجیرە

كردووه . بەڕێز كـاك باوەڕ باسی هەندێك بۆچوون دەخاتەڕوو لەبارەی شـوێنی دامەزراندنی[ حیزبی هیوا ]وە وەك هەندێك كەس وتوویانە لە سلێمانی یان لە هەولێر دامەزراوە ، من دەڵێم نەخێر ئەو حیزبە هیوای هەموو كورد بووە ، مامۆستای دامەزرێنەر ڕەفیق حیلمی خەباتگێڕو تێكۆشەر ،بیروبۆچوون و لێكدانەوەی زۆر لەوە بەرفراوانتر بووە وەك خەڵكانێكی كورد لەم ڕۆژگارەدا بیری لێدەكەنەوە گەر بەوردی مێژووی ژیان و خەباتی ئەو كەڵەپیاوەی كورد بخوێنینەوە دەبینین لە سەرەتای بیستەكانەوە تا ساڵی ١٩٥٨ ئەو لە نێوان كەركوك و سلێمانی و هەولێر و شارەكانی دێكەی كوردستان و عیراقدا بێ وچان خەباتی كردووە ، تا لە ئەنجامدا [حیزبی هیوا]ی لێ بەرهەمهاتووە . بۆیە دەبێ بوترێت كەحیزبی هـیوا لە ئەنجامی ئەو گیانبازیەی مامۆستا ڕەفیق حیلمی دامەزرێنەر و هاوڕێیانی خەباتگێڕیدا پێكرا لە كەركوك وسلێمانی وهەولێر وهەموو كوردستان دامەزراوە. گەرچی ناحەزان دەسیان تێوەرداوە و بونەتە دڵخۆشكەرە بۆ دوژمنانی گەلی كوردمان لە هەڵوەشاندنەوەی ڕیزەكانی حیزبی هـیوادا .

من ناڵێم دامەزراندنی حیزب لە كوێ بووە چونكە بـەڵگەی سەلماندنی ئەم ڕاستیانە زۆرن ، بەتایبەت بەڵگەنامەكانی حیزب كە لای بەڕێزان دكتۆرە نـاهیدە ڕەفیق حیلمی و كاك فەوزی ڕەفیق حیلمی پارێزراون .

بۆیە باش وایە بۆ باسکردنی ئاوا بابەتێك ڕووبکرێتە ئەو بەڕێزانە کە بەڵگەنامەی دروستیان لایە لەبارەی حیزبی هیوا وە.
هەڵهاتنی هیوا وەك ئەستێرەگەشە لە فەزای سیاسەتی ئەو ڕۆژگارەدا دەسکەوتێکی زۆر گرنگ بووە بۆ چینەکانی ڕۆشنبیران و کەسایەتییە ناودارەکانی کورد لە ڕابەرایەتی کردنی نەتەوەکەیاندا ، بۆیە زۆربەی خەڵکی هۆشمەندی کورد خزاونەتە نێو ڕیزەکانی حیزبی هیوا وە .
شێخ ئەحمەدی فەخري یەکێك بووە لەو خەڵکە دڵسۆزانەی کە لەسەرەتای دامەزراندنییەوە پەیوەندی بەو حیزبەوە کردووە ، لەو کاتەوەی دەستی داوەتە کاری سیاسیەوە کاتەکانی دابەشکردوە لەنێوان کاروباری موڵکدارێتی و کاری سیاسی دا ، بەوهۆیەشەوە زۆر خەسارەتمەند بووە لە ڕووی داهات وماڵ وموڵکەوە ، تەنانەت هەندێك لە خزمانی نزیکی خۆی فرسەتیان بۆ ڕێککەوتووە و هەوڵی ئەوەیان داوە موڵکەکانی لە دەست دەربێنن . بەڵام لەو حاڵەیشدا چەند رەفیقێکی دڵسۆز و غەمخۆری هەبوون کە بەدەنگییەوە هاتوون و بشتگیریان لێکردوە، وەك خوالێخۆشبوو شێخ موحەمەدی شێخ عیزالدینی ئامۆزازای کە هەمودەم شانبەشان لە کێشە عەشائیرییەکانیدا لە گەڵیا بووە ، ئاوایش دۆستی دڵسۆزی خوالێخۆشبوو حاجی خدری سیامەسوری کە هاوڕێیەکی خۆشەویستی بووە و زۆر بە هۆڵێوە بووە. بەڵام فەخری کێشەی میلەتەکەی زۆر بەلاوە گرنگتر بووە لە کێشەکانی

خۆی ، بۆیە لەمانگرتنە بەناوبانگەکەی [گاورباغی]دا لە شاری کەرکوك ، بێ سڵەمینەوە بڕیارەکانی حیزبی ئەنجامداوە و بۆ وروژاندنی جەماوەر بۆ پشتگیری کردنی مانگران کاری تەواوی کردووە . لە درێژەی رۆژانی مانگرتنەکەدا پەیوەندی بە دەستەی بەڕێوەبردنی مانگرتنەکەوە هەبووە تا ئەوکاتەی پۆلیسی ڕژێمی ئەو سەردەمە نامرۆڤانە گولەبارانی کرێکارانی مانگرتویان کردووە و (١٢) کرێکاری تێدا شەهید بوون .
بۆیە لەو کات و ساتانەدا بە بڕیاری حیزب شێخ ئەحمەد و چەندین ئەندامانی دیکە کە بەشداری چالاکییەکانی مانگرتنەکەی کرێکارانی گاورباغیان کردووە ، ئاگادار دەکرێنەوە ، کە شاری کەرکوك بەجێبێڵن و بچنە دەرەوەی شار . ئا لەو کات و ساتانەدا و لە دیدارێکی شێخ ئەحمەد لە گەڵ مەلا حەسەنی عەبابەیلێدا کە لێپرسراوی ڕێکخستنی کەرکوکی حیزبی هیوا بووە ، پێی دەڵێت : شێخ ئەحمەد بەڕاستی تۆ جێگای فەخری ، وا لە ئەمڕۆوە ناوی نهێنی تۆمان کرد بە( فەخری ).ئیدی لەو ڕۆژە بە دواوە ئەو وشەیە لای شێخ ئەحمەد زۆر پڕبەها و پەسەند بووە ، دواتریش کردویەتی بە نازناوی ئەدەبی شیعرەکانی .
پاش ئەو رووداوە ئیدی فەخری ناتوانێت لە ناوچەکەی خۆیاندا بمێنێتەوە ، بۆ زێدی خۆی کە گوندی[ شۆریجە ]یە لە ناوچەی قەرەحەسەن بەجێ دەهێڵێت و ڕوو دەکاتە ناوچەی جەبباری و لە گوندی وەستاخدری زەنگەنە کە ئەو دەمە لەبن

دەسەڵاتی عەشیرەتی جەباریدا بووە ، و لەوێ نیشتەجێ دەبێت . ئەو گوندە لەبناری زنجیرە چیپای(سەڵباتو)دا هەڵکەوتووە کە ناوچەیەکی سەختە ، ئەو دەمانە بەهۆی دەسەڵاتی سەرۆك عەشیرەتەکانەوە بەسەر ناوچەکانیاندا . دەستی ڕژێم نەگەیشتووەتە هەموو شوێنێك ، بۆیە شێخ ئەحمەد ئەو ناوچەیەی هەڵبژاردووە .

فەخری لەو ماوانەی لانەوازیدا لەیەك شوێندا نیشتەجێ نەبووە بەڵکو جێگۆڕکێی کردووە و لە چەندین گوندی ناوچەکەدا ڕۆژگاری ژیانی بەسەربردووە .

﴿فەخري﴾شێخ ئەحمەد ، تا کۆتایی ساڵی ١٩٤٤ پەیوەندی بە حیزبەوە هەبووە . لەو کادیرانەی حیزبی هیوا کە لەو ساڵانەی لانەوازیدا بەردەوام سەریان لێداوە و ئەدەبیاتی حیزبیان پێگەیاندووە ، خوالێخۆشبوو مەلا خورشیدی سیامەسوری و چەند ئەندامێکی دیکەی هاوڕێی بوون .

[ لێرەدا دەچمە سەر باسێکی ڕۆخی رۆژهەڵاتی باسەڕە و ئەو گوندانەی دەکەونە نێوان زنجیرە چیای سەگرمە و ڕۆخانەی [باسەڕە] ، و زنجیرە چیپای ﴿سەڵباتو﴾ وەوە . ئەودەمە هەندێك لە گوندەکان لەژێر دەسەڵاتی شێخ قادری حەفیددا بووە ، ساڵانە هاتووەتە ئەو ناوچەیە ، بۆ سەرپەرشتی و کۆ کردنەوەی داهات و دەرامەتی موڵکەکانی. هەموساڵێکیش کە هاتووەتە ناوچەکە ، بۆ دیداری بەهەشتی شێخ ئەحمەد فەخري و بەهەشتی شێخ حوسەینی جەباری ،

داوای دیداریانی کردووە . ئەوانیش چونەتە سەردانی لەگوندی [دێڕەشە] ، کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی باسەڕەوە .
ساڵانە ئەو گوندە هەوارگەی سەفەری شێخ قادری حەفید بووە . تا گەڕانەوەی شێخ قادر ئەوان لەوێ ماونەتەوە ، و ئیدی مەجلیسیان ڕازاوەی شەوچەرەی شیعر و ئەدەب و ئاهەنگ و گۆرانی بووە ] .

# حیزبی هیوا و ڕووداوەکانی ساڵی ۱۹٤٤

پــــاش هێرشـــــەکانی هاوپـــــەیمانی حیزبـــــی هـــــیوا کە لە عەشـــیرەتەکانی جـــاف و زەنگنـــــە و تاڵەبانیـــەوە پێکهـــاتبوو بۆســـەر بـنکە و بارەگاکـانی میـری لـە ناوچـەکانی خـواروی گـــەرمیان ، ئەو هێرشـــانەی ئـــەنجام درا بـــۆ پاڵپشـــتیکردنی شۆڕشی کورد لـە ناوچـەی بادینـان ، و پاشتر لـە یـەکترازانی ڕیزەکـانی حیزبـی هـیوا بـە هـۆی فشـاری چـڕی ڕژێمـەوە بۆسەر ڕێکخستنەکانی حیزب ، و نـا تـەبایی نێوان ئەندامانی سەرکردایەتی ودروستبونی کتلەبازی لە نێو حیزبدا ، هەمو ئەمانــە بوونەتــە هــۆی هەڵوەشــاندنەوەی حیــزب لــە ســاڵی ۱۹٤٤دا . ئیـدی شـێخ ئەحمـەد ﴿ فەخـري ﴾ بـە لانــەوازی دەمێنێتەوە تا کۆتایی ساڵی ۱۹٤۹. پاش هێوربونەوەی بار و دۆخەکـە ، فـەخری دەگەڕێتـەوە بۆ کـەرکوك و لـە کۆمپانیـای نەوتی کەرکوك دادەمەزرێت .

لە کۆتـایی سـاڵی ۱۹٥٤دا جـارێکی دیکـە کێشـەی بـۆ شـێخ ئەحمەد دروست دەبێت و دووبارە ڕوو دەکاتـەوە ناوچـەکانی دەرەوەی کـەرکوك. مـاوەی چەند سـاڵێك خۆی و خێزانەکەی بە ئاوارەیی رۆژگار دەگوزەرێنن . بەڵام خوالێخۆشبوو شێخ ئەحـمەد لەگەڵ هەمـوو ناهەموارێکـانی رۆژگـاری ژیانیـدا ئەوەی لەبیر نەکردووە کە نەوەکانی نەتەوەکەی پێویستیان بە فێربوون و زانستە ، بۆیە ئەوزاتە لـە هەرشوێنێکدا نیشتەجێ بووبێت ، پێش هەمو شتێك ماڵەکەی خۆی کردووەتـە حوجرە

و خوێندگە بێ بەرامبەر بۆ گەورە و بچوك ، لەو کەسانەی ئارەزوی خوێندنیان هەبووبێت. زۆریشی خەڵك هاندەدا لە بواری خوێندندا ، هاوکات لەگەڵ وانە ئاینییەکاندا بابەتەکانی قوتابخانەشی بە قوتابێکانی دەوتەوە ، بۆ ئەو مەبەستەیش دەینارد لە کەرکوك و سلێمانی کتێبیان بۆ قوتابییەکنی پەیدا دەکرد . پاش شۆڕشی چواردەی تەموز ، لیژنەیەك لەلایەن میریەوە پێکهێنرا بۆ دامەزراندنی مەلا شارەزاکان وەك ماموەستا لە قوتابخانەکانی دەوڵەتدا ، شێخ ئەحمد یەکێك بوو لەو زانایانەی کە بەسەرکەوتوویی لە تاقیکردنەوەکە دەرچوو. بەڵام پاشان پێی وتن من وەزیفەی حکومەتم ناوێت . ساڵی ١٩٥٨، پاش شۆڕشی (١٤)ی تەمووز و لەناوچوونی دەسەڵاتی رژێمی مەلەکی ، فەخري بە یەکجاری دەگەڕێتەوە بۆ شاری کەرکوك و ئیدی تا دواهەناسەکانی ژیانی لە شاری باوباپیرانی بەسەردەبات .

(سکاڵای دڵ)[١] پارچە شیعرێکی﴿فەخري﴾شێخ ئەحمەدە دەیخەمە بەر دەست ودیدەی خوێنەری ئازیز .

---

[١] لەم هەڵبەستەدا وادەردەکەوێت کە لە سەرەتای پەرتەبونی ڕێکخستنەکانی حیزب دا دابڕانێک لەنێوان هەندێك لە ئەندامامندا ڕویداوە بۆیە فەخری گلەیی لە ڕێکخستن دەکات و بە بێ خەمیان دادەنێت

[٢] ئەم هەڵبەستەی ناردوە بۆ مەلا حەسەنی شاهۆ کە بەرپرسێکی ڕێکخستنەکانی حیزبی هیوا بووە .

# سکالای دڵ

تـاکەی فـەلـەک ئـاوارە و مـەحرومی گەلـم کەی
لەم بـەختی بـەد و تـالعی بـەرگەشتە خـودا وەی
بـۆ مـافی ڕەوای میلـەتی خــاك پارەکـراوم
خۆم خستە بیابانی جەفا ڕوح نیـە ئـۆقرەی
دوورم لە کەسوکار، شەوچەرە وبەزمی عەزیزان
خەم بـارە لە ڕوح و دڵ و جەســتەم ، نیە ئـۆخەی
سـامان و زەوی وزار و هەمو مـایـە ومـوڵـکم
کـردن بە فیدای خاکی وەتـەن سەرم لە ڕێگەی
من بـۆ وەتــــەنم کـرد ، و قـەریبانـم کـەچی وا
وەك سەرگەڕی برسی،هەموو هاتونە سەرم، وەی
ئـەی بـادی سەبا تـۆ بی لەڕێی خاکی وڵاتـا
سا دەی‌نامەم بەرە بـۆ جەمعی ڕەفیـقانم دە
پـێیان بڵێ ئەی دەستەیی فرسەت بەری سێبەر
فەخری وەکو شێری نەبەزیو بوو، حاتەمی طەي
بـۆچ وا لە خەمی دا نیـە کەس تـاقمی هـیوا
بـــێزارە ئـەوی لـەم زەمـەنـە تـاڵ و فیراقـەی

---

*[1] ئـەم پـارچە شیعرە لـە سەردەمی لانەوازیدا وتـویـەتـی و لـە نـامەیـەکدا ناردویەتی بۆهـاوڕێیـانی ڕێکخستـنی لـە حیزب دا ، ئێمە بە سوپاسەوە لای دۆستـێکی ئـازیز دەسمان کەوت.*

*۩ پارچە شیعرێکی دیکەی فەخري کە لەوەڵامی نامەیەکی مەلا حەسـەنی شاهۆدا نوسیویەتیەوە و لای هەمان دۆستانی ئازیزمان بنەماڵەی ماموەستا ڕەفیق حیلمی دەسمان کەوتەوە لەگەڵ سوپاس و پێ زانینماندا بۆ ئەو بنەماڵە بەڕێزە ، وا لێرەدا دەیخەمە بەردەست و دیدەی خوێنەری ئازیز:*

# پەیام و وەڵام[1]

برام نامەی تۆی ئازیزم گەیشت
گریـــام وئەشـكی خوێنینم هەڵڕشـت

نیگای نـامەتـان ، غەمی لابردم
گەشەی دایەدڵ سەرمەستی كردم

نەخشی نـێو دڵە ئەبجەدی ناوت
ئیكسیرە بۆ دڵ پرس و سڵاوت

نامەت شـــانازی دۆســـتایەتیمە
یـادی ڕۆژانـــی ئاشـــنایەتیمە

بەڵگەی دڵسۆزی وخەم خۆریتانە
بـادەی ئـارامی و ســەبوریـتـانـە

من نۆشـیم بادەی دەستی پیرۆزت
سەرمەستی كردم نامەی پـڕسۆزت

تۆئەی شاهۆكەی ناوچەی هەورامان
بۆ چارەسەرێک كەی دێـیتە لامان؟


# فەخری: و گرنگیدان بەڕێکخستن

لێرەدا ڕۆژگارێکی گرنگم بەبیرهاتەوە ، لە سەرەتای سەرهەڵدانی بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کورد لە شەستەکاندا بە هەڵگیرساندنەوەی مەشخەڵی شۆڕش و گەشەکردنی بیرۆکەی کوردایەتی لەنێو خەڵکی کوردستاندا لە شارولادێ دا ، لەو دەمانەدا شێخ ئەحمەد بەبێ ترس و سڵەمیینەوە ، بەهەمان بیری کوردایەتیەوە ، دەستی بەهاندانی کۆمەڵانی خەڵك کردەوە ، بۆ گرتنەبەری ڕێبازی کوردایەتی و گرێدانی خەباتی شاخ بە شارەوە . ئەو کەسانەی ڕوویان دەکردە مەجلیسی شێخ ئەحمەد ، ئەو بە بیروباوەڕی کوردایەتی دڵ و دەروونیانی زاخاودەدا ، تا ئەو رادەیەی ئارەزووی خەباتیان لەڕێگەی حیزبایەتیەوە لەدەروونـدا گەلالـە دەبـوو ، پاشـتر خوالێخۆشـبوو شـێخ ئەحمـەدی بـاوك و ماموەسـتا ، دەیسـپاردنە ئـێمەتـا بە رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و ریزەکانی شۆڕشی ئەوسەردەمەیان ئاشنا بکەین ، تا بکەونە سەر رێچکەی خەباتی کوردایەتی . بەهەشتی تا کاتێك رەوانی پاکی بەرەو بەهەشتی خوداوەندی هەڵکشا ، ئومێد و ئاواتی ڕزگاری گەلی کورد و خاکی کوردستان بوو.

# شوێنە گشتییەکانی کەرکوك

ئادەمیزاد کاتێك دەچێتە دونیای خەیاڵەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگارەکانی ڕابردووی پڕ لەخۆشی و ئاسوودەیی ، ئەو ڕۆژگارانەی دەرامەت کەم بوو بەڵام خەڵکی بێغەم و ئارام بوون ، هەمووان ڕێچکەی ژیانی خۆیان گرتبووەبەر و ئامانجی دواڕۆژیان دیاریکردبوو ، تەنهاغەمێك کە لەدڵی خەڵکیدابوو ئەوەبوو چۆن زیاتر پەیوەندی لەنێوان کەسوکار و دۆست و هاورێیاندا پەیوەستتر و توندوتۆڵتر بکرێت ، بە پێچەوانەی تەواوی ڕۆژگاری ئەمڕۆوە کە تەنها خالێك خامۆش کرابێت لەنێو کوردەواریدا ، بەزەیی و میهرەبانی و پەیوەندی نێوان خێزانەکان و تاکەکانی کۆمەڵگەیە . زۆرجار زنجیرەی خەیاڵ دەمگێڕێتوە بۆ سەردەمی منداڵیم ، ئەو تەمەنەی کە دیتن و بیستنی ڕووداوەکان تێیدا وەك نەخشی سەربەرد لە نێو مێشکی مرۆڤدا نەخش دەگرێت و بۆ هەمیشە لە هزری مرۆڤدا دەمێنێتەوە . ساڵی ١٩٥٤بوو ..! ئەودەمە تەمەنم حەوت ساڵ بوو،هەمیشە لەخزمەت باوك ومامۆستام بەهەشتی ﴿ فەخري ﴾ دا بووم . لەودەمەدا چایخانەی ﴿ ئەحمەد ئاغا ﴾هەبوو کە جێگەی کۆڕ و دانیشتنی پیاوانی ناسراوی شارەکە بوو. چایخانەکە بەنێوی خاوەنەکەیەوە ناوزەد کرابوو ، هەرچەندە لە نێو خەڵکی شاردا بە﴿ مقهیالمرایا ﴾ چایخانەی ئاوێنەبەند دەناسرا ئەویش بەهۆی دیزایینی چایخانەکەوە بوو کە لە سێ لاوە شووشەبەند کرابوو . چایخانەی ئەحمەد ئاغا جیاواز لە شوێنە گشتییەکانی شاری کەرکوك بووبووە خانەقای کۆڕی ئەدیبان و سیاسەتمەداران .

# ﴿ ئەحمەد ئاغا کێ بوو ؟ ﴾




ئەحمەد ئاغا کوڕی مەردان ئاغا یە . ساڵی١٨٩٥ز، لە ناوچەی ( شێخبزێنی ) سەربە ناوەندی شاری کەرکوکە چاوەکانی ئاشنای ژیان بوون . ئەم کەسایەتییە کوردە ناودارەی گەرمیانی کوردستان و خۆشەویستی خەڵکی شاری کەرکووکی بێناز ، ساڵی ١٩٤٠ لە شاری کەرکوك بەرامبەر بە گەڕەکی قۆریە و بازاری قۆریە ، چەند پارچە زەویەکی کڕیوە . پاشان لەسەر زەوییەکانی خانووی بۆ خانەوادەی خۆی و کەسوکاری دروست کردووە . پاشتر هەواریان لە ناوچەی(شێخبزێنی)یەوە گواستۆتەوە بۆ نێو شاری کەرکوك و لەخانووەکانی خۆیاندا نیشتەجێ بوون . لەو دەمەوە ئەو بڕە ماڵە بە( گەڕەکی ئەحمەدئاغا ) ناسراوە . ئەحمەد ئاغا ، لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٠ دا پارچە زەوییەکی دیکەی لەسەر سیلەی جادەی بازاڕی قۆریە کڕیوە و چایخانەیەکی گەورە و بێ هاوتای لەسەر بونیاد ناوە . پاش تەواو بوونی چایخانەکە و کەوتنە خزمەتی گەشتییارانەوە ، ئیدی ناو باگ دەردەکات

و دەبێتە مەڵبەندی کۆبوونەوە و دیداری شاعیران و ئەدیبان و بەرپرسان و سەرۆك عەشیرەتەکان و کەسایەتی ناوداری شارەکە ، لە کورد و تورکمان و سەرجەمی خەڵکی ناوچەکانی دەوروبەری کەرکووك و دەڤەری گەرمیان . خودی ئەحمەد ئاغایش زیاتر دەناسرێت و دەبێتە جێی ڕامان و ڕێزی هەموو خەڵکی شاری کەرکوك و دەڤەری گەرمیان.
وەک بەهەشتی رفیق حیلمی دامەزرێنەری حیزبی هیوا ، لە یاداشتەکانیدا باسی دەکات ، دەڵێت : ئەحمەد ئاغا هاوکارێکی دڵسۆزی حیزبی هیوا بوو . ئەحمەد ئاغا هەمیشە جێگەی رێز و حورمەتی هەموو خەڵکی شارەکە و ئەو چین و توێژانە بووە کە باسمان لێوەکرد . هەرچەندە لە ئێستادا گۆڕانکاری بەسەر ئەو شوێنەوارە مێژووییەدا هاتووە ، بەڵام تا ئێستاش لەنێو خەڵکی شارەکەدا ئەو شوێنە بە [ئەحمەد ئاغا] ناوزەد دەکرێت و دەناسرێت.
دروود بۆ ڕوانی ئەحمەد ئاغا و سەرجەم ناودارانی کورد .
خوالێخۆشبوو ئەحمەد ئاغا کە بنەچەی ﴿ شێخ بزێنی ﴾ە ، یەکێك بووە لە هاوکارە دڵسۆزەکانی﴿ حیزبی هیوا ﴾ . وەك ماموەستای دامەزرێنەر رەفیق حیلمي لە یادەوەرییەکانیدا باسی کەسایەتی ئەحمەد ئاغا دەکات ، دەڵێت: ئەحمەد ئاغا کەسایەتییەکی دڵسۆز و چالاك بوو لە هاوکاریکردنی رەوتی ﴿ حیزبی هیوا ﴾ دا . ئەحمەد ئاغا ، دۆستی نزیکی کەسایەتی ناودار بەهەشتی ﴿ فەخري ﴾ شێخ ئەحمەد بوو.

# فەخری و هونەری گۆرانی

فەخری خاوەن دەنگێکی خۆش و زولاڵ بووە ، لە سەرەتای لاویەوە ئارەزووی گۆرانی لە دەرونیدا گەڵالە بووە ، بۆیە فێربونی مەقامە کوردییەکانی زۆر لا مەبەست بووە وهەوڵی زۆری داوە تا گەیشتووەتە ئاستی مەبەست .
لەو ڕۆژگارانەدا کە مەجلیسی پیاوانی ناوداری کورد لە برەودا بووە ، دیوەخانی شێخ ئەحمەدی فەخري ئەستێرە گەشەی نێو فەزای مەجلیس و شەوچەرەی پیاوانی ناسراو و مەقام زانان و گۆرانیبێژانی ناسراوی کەرکوك و دەڤەری گەرمیان بووە و، مەقامە کوردییەکانی تیادا وتراوەتەوە.
زۆرجار شاعیری عیرفانی صابری ، کە ئامۆزای فەخري شێخ ئەحمەد بووە ، شیعری گۆرانی بۆ داناوە .
فەخري: لە شێوازی ئاوازە ئاینییەکاندا زۆر شارەزا بووە ، بە تایبەت شێوازەکانی خوێندنی قورئان .
لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا شێخ ئەحمەد یەکێك بووە لەو مەقام زانە ناسراوانەی کە سەرچاوە بوون بۆ ناسینی مەقامی کوردی و لەڕیزی ماموەستایانی مەقامی کوردیدا دانراوە ، کە لە کەرکوك و دەوروبەریدا هەبوون .
شێخ ئەحمەد مەقامە کوردییەکانی گەرمیانی لە ماموەستای داهێنەری مەقام(سەيید کەریم جەباری* ئالیاوەیی)وەرگرتووە وفێربووە .

بەهەشتی(سەیید كەریم جەباری / ئالیاوەیی) مامۆستا و داهێنەری مەقامەكانی﴿ ئەڵڵاوەیسی - ئالیاوەسی ﴾ و ﴿خاوكەر - نیوەشەوی ﴾ بووە . سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو دوو مەقامە لە دێی[ ئالیاوە ]ی ناوچەی جەباریەوە بووە . لەوێوە تیشكی بۆ ناوچەكانی چەمی باسەڕە وهەموو لایەكی كوردستان پەخش بووەتەوە .

شێخ حسێن جەباری و شێخ عبدالعزیز بەرزنجی ، دوو كەسایەتی ناوداری كەكوك بوون ، لە مامۆستایانی مەقام ئەژمێر دەكران ، ئەوان لەسەر ڕێچكەی خوالێخۆشبوو ئالیاوەیی مەقامین دەخوێند . ئاوایش مامۆستایانی مەقام لە شاری كەركوك ﴿ مەلا خالد - مەلا طە - شێخ عزالدین ﴾ و زۆرینەی مەقام بێژانی گەرمیان لەسەر رێچكەی ئالیاوەیی رۆیشتوون .

ئەو مەقام بێژانەی باسم كردن ، بۆ فێربوونی مەقامەكانی قەتار و ﴿ ئەڵڵاوەیسی - ئالیاوەسی ﴾ و﴿ خاوكەر- نیوەشەوی ﴾ و خورشێدی ، سودیان لەمەقام زانەكانی ئالیاوە و شارۆچكەی قادركەرەم و ناوچەی چەمی[ باسەڕە-ڕۆخانە ] وەرگرتووە . بە گرنگی دەزانم لێرەدا باس لە سەرهەڵدانی مەقامەكانی﴿ ئەڵڵاوەیسی - ئالیاوەیی / خاوكەر-نیوەشەوی ﴾ بكەم . ئەسڵی ئەو دوو مەقامە دەگەڕێتەوە بۆ گوندی {ئالیاوە}ی ناوچەی جەباری و لەوێوە سەرچاوەی گرتووە . {سەیید كەریم}ی جەباری بە دانەری ئەو دوو مەقامە ئەژمار دەكرێت . دەستوازەی[ئەڵڵاوەیسی]یش، دەگەڕێتەوە بۆ واتای

ناساندنی مەقامەکە کە دەستەواژەی[ ئالیاوەسي ]یە و لە توورکییەوە هەڵێنجێنراوە ، یانی مەقامی{ئالیاوەیی}.
لێرەدا زنجیرەی بیرەوەریێکان دەمگێڕێتەوە بۆ هاوینی ساڵی ١٩٥٤ز بۆ شاری کەرکوکی پیرۆز، ئەو دەمە خێزانەکەمان نیشتەجێی گەڕەکی [سەیید سەروەر] بووین کە بەشێکە لە گەڕەکی ئیمام قاسم و دەکەوێتە نزیکی مزگەوتی‹ نائب ›ـەوە.
لێرەدە چەند ڕستەیەك بۆلین دەکەین بۆ باسکردن لە رۆڵی ئەو مزگەوتە دێرینە لە ئاست زانست و زانایاندا .
مزگەوتی نائب سەرحێکی زانستی و هونەری زۆر گرنگ بوو لە شاری کەرکوك و دەڤەری گەرمیاندا. ساڵانە ئاهەنگی دەرچوونی پۆلێك لە فەقێیانی مزگەوتەکانی کەرکوك لەنێو حەوش و هەیوانەکانی ئەو شوێنە دێرینەدا دەگێڕدرا.
لە هاوینی ساڵی ١٩٥٤دا ئاهەنگێکی زۆر قەشەنگ و پوختە لە مزگەوتی نائب بۆ دەرچووانی مزگەوتەکانی کەرکوك گێڕدرا ، بەهەشتی شێخ ئەحمەد﴿ فەخری ﴾ دەعوەت کرابوو بۆ ئاهەنگەکە . بەڵام چونکە ئەو کارمەندی کۆمپانیای نەوت بوو و لەو ڕۆژەدا شفتکار بوو ، نوێژی شێوان گەڕایەوە ماڵەوە . ئەو دەمە تەمەنم حەوت ساڵ بوو ، درەنگێك دەستی گرتم و چووین بەرەو ئاهەنگەکە ، بەهۆی قەرەباڵغیەوە زۆر بە زەحمەت گەیشتینە نێو حەوشەی مزگەوتەکە ، ئاپۆڕا و جەنجاڵییەکی گەلێك زۆری خەڵك لەسەر سەحنە و لەنێو حەوشەی مزگەوت و داڵانەکانیدا بەدیدەکرا ، تەنانەت سەربانەکانیش سیخناخ بوو لەژن ومنداڵ .

بە گەیشتنمان بۆ نێو حەوشی مزگەوت چەند چرکە ساتێك نیگاکردن بۆ ئاپۆڕای خەڵکەکە ، لەپڕدا دوو« سـوختە » گەیشـتنە لای باوکم و وتیان: فەرموو قوربان..! ڕوومانکردە ئەو شـوێنەی کە لەشێوەی تەختەی شانۆ ئامادە کرابوو بۆ مەقام بێژەکان و مێوانە تایبەتەکان . بێجگە لە مەقام بێژەکان زۆرێك لە بەرپرسان و پیاوماقوڵانی کەرکوك دانیشتبون . لەوێدا ئێمە دانیشـتین و شەربەت و شیرینی بەسەر مێوانەندا دابەش دەکرا.

لەبەردەم سـەحنە گەورەکەی حەوشەی مزگەوتدا ، فەقێیەکان چەنـدین جۆر هەڵپەرکێی کوردیان نمایش دەکرد .

شـێخ قادر، کە ئامۆزای باوکم بوو ، لە نێو مەقامبێژەکاندا دانیشتبوو ، ئەویش مەقام زانێکی بەتوانا بوو ، وتـی:

شـێخ ئەحمەد نۆرەی تۆیە .. بڵـێ ، فەخری..! وتـی: ئێوە شـتێك بڵێن ، تامنیش دەستپێبـکەم .

گۆرانی بێژەکان بە گەڕەلاوژێ { کۆرس } دەستیان بە وتنی مەقامی ﴿ یارغەزال ﴾ کرد ، باوکم چاوەڕێی کرد تا ئەوان کۆپلەکەیان تەواو کرد ، ئیدی خوالێخۆشبوو﴿ فەخری ﴾ بە تەنیا و بە هەمان مەقام دەستی پێکرد ، بەڵام چـ دەنگێك و چـ سۆزێك بوو..! چریکە وناڵەیەك بوو..! فرمێسکی لە چاواندا قەتیس دەهێشـتەوە ، بەودەنگە زوڵاڵەی شێخ ئەحمەدی فەخری سـەرجەم خەڵکەکە سـەرسام وکپ وبێدەنگ بوون..! بە تەواوبوونـی مەقامەکە ، لە سەربانەکانەوە بوو بە چریـکەی هەڵهەڵە و نوقڵ و چکلێت بارییە سـەر خەڵکەکەدا .

شێخ قادروتی: ئەوە کەی ئیش بوو کردت حەیامانت برد ..؟
فەخری وتی: ئەی چۆنی بڵێم ..؟
شێخ قادری وتی: لەگەڵ ئێمەی بڵێ کاکە .
پاشان ماموەستای مەقامی کوردی مەلا خالید - ناسراو بە وەستا خالیدی کەوشدوور وتی : براینە ئەشـهەدووبیللا شێخ ئەحمەد رەنجی بەخەسـار نەچووە و مەقام زانە .
گرنگە بڵێم کە لەو سەردەمانەدا مەقامزان و گۆرانی بێژی بە توانا لەنێو کۆڕ وکۆمەڵدا بەرز دەنرخێندر و هەمیشە لە کۆڕی پیاوانی ناوداری گەرمیاندا و لە مەجلیسی دیوەخاناندا شـەوچەرەی گۆرانی و مەقامی کوردیان بۆ دەبەسـترا . لە تەکێ و خانەقا بۆنەکانی شاری کەرکوك و گەرمیاندا مەقامزان و گۆرانی بێژانی ناودار مەقام و ستایشیان چڕیوە .
شەیدایانی فێرخوازانی مەقام و گۆرانی لەو شـوێنانەدا فێری گۆیندەیی بوون .

# فەخری و ئارەزووی هونەر

{ فەخری } لە نووسیندا ئارەزووی خۆشنووسی هەبوو ، لە پەراوێزی دەفتەری شیعرەكانیدا وردەنیگاری جوانی كێشابوو لەسەردەمی لاویدا ئارەزوی وێنەكێشانی هەبووە . بەبیرم دێتەوە جارێك لە سەردەمی منداڵیم دا ، داوام لێكرد نیگارێكم بۆ بكێشێت ، دڵی نەشكاندم و بە سەلیقەی خۆی داواكەمی بەجێهێنا . لەسەر فایلێك رەشكێشی وێنەی كچە كوردێكی كێشا ، لە كاغەزی مۆری خامەكی قەندەشەكر كراسی بۆكرد و لە كاغەزی زێڕینی بەرگی چكلێت گوڵچنیكرد ، كاغەزە ڕەنگاڵەكانی بەجۆرە كەتیرەیەكی[١]خۆماڵی بە نیگارەكەوە دەلكاند كە پێی دەگورێت(گەون) . لە ئەنجامدا نیگارێكی سەرنج ڕاكێش بوو . ئەوەندە ئەو نیگارەم لاجوان بوو ، ئیدی منیش لەو كاتەوە ئارەزووی نیگاركێشانم لا گەلاڵە بوو . لە تەمەنی لاویمدا زۆرم نیگار كێشا بەڵام كاریگەری ئەو نیگارەی كە باوكم بۆمی كێشابوو تائێستا لە ناخمدایە . من هەمیشە خۆم بە بەختەوەر دەزانم گەر بتوانم وەك قوتابییەكی { فەخری } مەزن و شكۆمەند ، مشتێك لە خەرمانبەرەكەتی كرداروڕەفتاری جوانی ئەوبكەمە سەرمەشقی داستانی ژیانم و ئیلهام بەخشی ڕووحی گرێدراوم بە بیرەوەرییەكانی شێخ ئەحمەدی باوك و مامۆستاوە.

---

[١] جۆرە كەتیرەیەكی خۆماڵیە زۆر بە ڕایە بو لكاندن، لە درەختی [گەون] بەرهەم دەهێندرێت ئەو جۆرە درەختە لە ناوچەكانی گەرمیان دا زۆرە بە تایبەت لە دەوروبەری كەركوك.

# مـاڵ ئاوایی

گەلێك مخابن ، بەهەشتی﴿فەخری﴾ شێخ ئەحمەد بەرزنجی لە ڕۆژی٢٧ / ٣ / ١٩٧٩دا، دڵە پاك و بێگەردەكەی لە لێدان كەوت ومالْئاوایی لە گەلی كورد وخاكی كوردستان كرد و رەوانی پاكی بەرەو ئاسمانی نەمری هەڵكشا و ناوی پیرۆزی ئەستێرەئاسا لە ئاسمانی سەروەری ناودارانی گەرمیانی كوردستاندا جێگیرە و دەدرەوشێتەوە .
درووود بۆ رەوانی پاك و بێگەردی ﴿ فەخری ﴾ وهەموو دڵسۆزانی خاكی پیرۆزی كوردستان .

# سەرچاوە :

شێوازی پەروەردەی ئەو خانەوادەی ﴿ فەخری ﴾ شێخ ئەحمەدی باوک و مامۆستا و ئامادەبوونی بەردەوامم لەخزمەت خۆی و مەجلیسیدا و نزیک بوونم لە بیروبۆچوون و ڕەوانی پاک و بێگەردیەوە ، بوونە سەرچاوە بۆ نوسینەکانم .

درووود بۆ ڕەوانی پاکی﴿ فەخری ﴾ شێخ ئەحمەد و سەرجەم کەسایەتی ناودار و دڵسۆزانی گەلی کورد و خاکی کوردستان ،شکۆداربێت ڕابردووی پڕ سەروەریان.

# نووسەر لە چەند دێڕێکدا



پێناسە :

**- عبدالکریم بەرزنجی**
**- لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٩**
**- نیشتەجێی شاری کەرکوك**

## پەیوەندی بە نووسینەوە

نووسەر لە هەرەتی نەوجەوانییەوە خولیای شیعر و ئەدەب بووە . بێگومان کاریگەری کەسایەتی ناودار ، شاعیر و سیاسەتمەدار شێخی مەزن ( فەخری ) شێخ ئەحمەدی شۆڕیجە ، لەڕووی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە لەسەر هزر و بۆچوونی عبدالکریم بەرزنجی ، لە هەڵسوکەوت بەرهەمی ئەدەبی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کاری سیاسیدا ، ڕەنگی داوەتەوە . چونکە ئەو پەروەردەی نێو مەجلیس و شەوچەرەی ئەدەبی شێخ ئەحمەدی باوکی بووە ، ژیانی شێخ ئەحمەد فەخري ، هەمیشە پەیوەست بووە بە کۆڕی شیعر وئەدەبییاتەوە ، بۆیە عبدالکریم شەیدای ئەو چەمکە مەعریفیە گرنگ و پڕ بەهایە بووە . ڕۆژگار تێپەڕیوە و ئەویش زیاتر تامەزرۆ و شەیدای چوونە نێو گوڵزاری شکۆداری ئەدەب بووە .

بۆ ئەوەی زیاتر لە کتێب نزیک ببێتەوە ، لەگەڵ ئەمین زەنگەنەی هاوڕێی دا کتێبخانەیەک بەنێوی ( نامەخانەی مەشخەڵ ) لەگەرەکی شۆڕیجەی شاری کەرکووک دەکەنەوە ، ئیدی زیاتر بوواری خوێندنەوەی بۆ دەڕەخسێت ،

سـەرەتای دەستپێکردنی نووسـینی دەق و وەرگێڕانی لە ساڵی **١٩٦٧** دا بووە . یەکەم بابەتی ئەدەبی لەژێر سەردێڕی ( گوڵزاری بێگەردی پێغەمبەری ) دا نووسـیوە و لە هەمان سـاڵدا لە ڕۆژنامەی ( ژین ) دا بڵاو کراوەتەوە .

ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری لقی کەرکوکی کۆمەڵی هونەر و ویژەی کوردی بووە لە سرەتای دامەزراندنیدا .

ئیدی لەودەمەوە بواری نووسین و وەرگێرانی فەرامۆش نەکردووە .

ئەو بابەتانەی نووسیونی و هەندێکیان لەچاپدراون ئەمانەن :

١ – کورتەباسێک دەربارەی ژیانی﴿ شێخی مەزن – فەخری﴾ شێخ ئەحمەدی شۆریجە .

٢-﴿ نداء الحق ﴾ ، نامیلکەیەکە بە زمانی عەرەبی .

٣ – بەڕێوەبەری هونەری گۆڤاری﴿ نۆزا ﴾بووە ،کە لەولاتی دەنیمارک بڵاوکراوەتەوە ٤ – خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری﴿ گۆڤاری کورددان ﴾ـە کە لە ولاتی دەنیمارک بڵاوی دەکاتەوە .

٥ – نووسینی بەرگی یەکەمی کتێبی﴿ ناودارانی گەرمیان ﴾ .

٦ – نوەناو لە پێگە ئەلیکترۆنییەکاندا بابەتەکانی بڵاو دەکرێتەوە .

عبدالكريم بەرزنجي Abdulkareem Barzinji

Forfatter og digter mail: fakriy@hotmail.com

